# پێوان و هەڵسەنگاندن

## بەشی بایۆلۆژی – قۆناغی سێیەم

## بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢٢-٢٠٢٣

# بەشی یەکەم: پێوان

**مێژووی پێوان و هەڵسەنگاندن**

پرۆسەی هەڵسەنگاندن مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە. لەو رۆژەوە مرۆڤ راست و چەپی خۆی زانیوە، بەکاری هەڵسەنگاندنی شت و دیاردەکانی چواردەوری هەڵساوە. واتە زانیویەتی وەرزی زستان ساردەو وەرزی هاوین گەرم و هەندێك شت رەق و هەندێکی تر نەرم ، دواتر کاتیك مرۆڤ فێری پیشەو کارێك بوو لە کاتی کارکردن و راهێناندا، توانیویەتی لێهاتووی شاگردو کەسانی تری چواردەوری هەڵبسەنگینی و بڵێ ئەم باشترو سەرکەوتووترە لە ئەوەی دیکە.

دوای ئەوەش کە قوتابخانە دروست بوون، ئیتر زیاتر گرنگی بە پرۆسەی پێوانەو هەڵسەنگاندن دراو لەو رێگەیەوە تواناو لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخوازەکانی پێ دیاریدەکرا. پێش هەزارەها ساڵ چینیە کۆنەکان تاقیکرنەوەی جۆراو جۆریان بۆ هەڵسەنگاندنی توانای تاکەکانیان

و هەڵبژاردنی سەرکردە و لێپرسراو و بەڕێوەبەرو فەرمانبەری سەرکەوتوو و بلیمەت بەکارهێناوە.

هەروەها لەکۆمەڵگای یۆنانی کۆن فەیلەسوفەکانی وەك (سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ ) فێرخوازەکانی خۆیان هەڵسەنگاندووە و لە ڕێگای زارەکی و پرسیاری جۆراو جۆرەوە، تواناو لێهاتوویەکانیان دیاریکردووە. ئیتر بەم شێوەیە مرۆڤ لە سەرجەم قۆناغەکانی ژیانی و لە هەموو کۆمەڵگاکان پێویستی بە پێوانە وهەڵسەنگاندن بووە و بەکاری هێناوە هەر چەندە لە سەرەتادا جۆری تاقیکردنەوەو کەرەستەو ئامێرەکان سادەو ساکارو هەندێك جاریش کرچ و کاڵ بوون ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو کەم و کورتیانە، هەر بەکاریان هێناوە و لەژیانی ڕۆژانەدا سوودیان لێوەرگرتوون.

سەرەتا زۆربەی تاقیکردنەوەکان زارەکی بوون دواتربوون بە نووسین. هەروەها یەکەم جار زیاتر بۆ هەڵسەنگانی کارو چالاکی و پیشە و فێربوون بەکار دەهات، دواتر گەشەی کردوو پەل و تەرزی هاوێشت بۆ بواری پێوانەکردنی زیرەکی و کەسایەتی و حەزو و ئاراستە و بەهرە و داهێنان. سەرەتای دەرکەوتنی پێوانە وهەڵسەنگاندن وەك زانست دەگەڕێتەوە بۆ دوای قۆناغی سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازی لە ئەوروپا، وەك سەرجەم بوارەکانی تری ژیان گۆڕانکاری بەسەر بواری پەروەردە و فێرکردن و هەڵسەنگاندنی بواری ژیریدا هاتووە. لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا ئەم پێشکەوتنە بەردەوام بوو بە پەرەپێدانی بواری هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و تاقیکردنەوەکانی بەدەستهێنان.

جێگای خۆیەتی ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە (ئەلفرید بینیە)ی فەرەنسی یەکەم کەسە، لە ساڵی (١٩٠٥) بە هاوکاری (سیمۆن)ی هاوەڵی یەکەم (زیرەکی پێو)یان ئامادەکرد و بە مەبەستی پێوانەکردنی زیرەکی و لێهاتوویی و توانای فێربوونی فێرخواز بەکاریان هێناو لە ڕێگایەوە منداڵ و فێرخوازە مام ناوەندی یان دواکەوتوو بیرکۆڵەکان جیادەکردەوە.

ئەم زیرەکی پێو و تاقیکردنەوەی بیینیە، بوو بە سەرچاوە و هاندەر بۆ لە دایك بوون و دانانی چەندەها ئەزموون و تاقیکردنەوە و زیرەکی و بەهرە پێوی دیکە.

## پێوانەکردن (القیاس) (Measurement)

سۆرندایك وتویەتی: هەر شتێك بوونی هەبێت، دەبێت ئەو بوونە بە ڕێ (مقدار) بێت، هەر شتێکیش بە ڕێ (مقدار) بێت، ئەوا پێوانە دەکرێت (واتە پێدانی نمرە بە خاسییەت و دیاردە و شتەکان). بۆ نموونە (س) درێژییەکەی (١٦٠سم) یان کێشی (٨٠)کگم یان (٧٥)ی لە تاقیکردنەوەی کوردی وەرگرتووە...هتد، هەموو ئەمانە پێوانن و نمرەی تایبەتییان بۆ دانراوە.

بەڵام پێوان بەبێ هەڵسەنگاندن، واتە ئەگەر بەپێوەری تایبەت بەراورد نەکرێت و بڕیار دەربارەی نەدرێت، هیچ بەهایەکی نییە، چونکە کاتێك دەڵێین (٧٥) نمرە ئەمە پێوانەیە، بەڵام کاتێك دەڵێین ئەو کەسە (٧٥)نمرەی لە (١٠٠) وەرگرتبێ ئەوا خوێندکارێکی باشە، ئەمە مانای هەڵسەنگاندنە. بەڵام ئەگەر (٧٥) نمرەی لە (٧٥) وەرگرتبێ، ئەو کات بڕیارێکی دیکە دەدەدین و هەڵسەنگاندنەکەمان بەشێوەیەی دیکە دەبێت و دەڵێین نایاب و یەکەمە. کەواتە پێوانەکردن بەتەنها مانای نابێت ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ ئەو نمرانە نەکرێت و بە پێوەری تایبەت بەراورد نەکرێن.

چەمك و زاراوەی پێوانەکردن لە لای زۆربەمان ئاشکرایەو ڕۆژانە گوێ بیستی دەبین، چونکە وەستاو کرێکارو ئەندازیار ڕۆژانە پێوانەی درێژی و پانی بەرزی خانوو و زەوی و دیوار دەکەن. هەروەها بازرگان ڕۆژانە لە ڕێگەی مەترەکەی دەستی پێوانەی قوماش دەکات.

(قەساب و گوشت فرۆش ، سەوزە و میوە فرۆش ---- هتد ) ڕۆژانە لەڕێگەی تەرازوو کیلۆکانیانەوە پێوانەی ئەو کەل و پەل و شتانەی دەکەن کە بە هاووڵاتیانی دەفرۆشن.

لە هەمووشیان گرنگتر پێوانەکردنی (لێهاتوویی و فێربوونی فێرخوازەکان)ـــە، کە بەردەوام مامۆستا لە رێگەی تاقیکردنەوەکانەوە پێوانەیان دەکات، بەڵام لەگەڵ بەربڵاوی بەکارهێنانی زاراوەی پێوانەکردن تاوەکو ئیستا پێناسەیەکی سەرتاسەری گشتگیری و هەمەلایەنە بۆ زاراوەی پێوانەکردن نییە. بەڵکو کۆمەڵێك پێناسەی جۆراوجۆر هەن کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:-

- ✓ پێوانەکردن مانای وەسف کردنی دیاردە و شتەکان دێت بە بەکارهێنانی ژمارەکان.
- ✓ پێوانەکردن بریتیە لە پێدانی ژمارەکان بەشت و دیاردەکان بە پێی جۆرە یاسا و رێسایەکی دیاریکراو.
- ✓ پێوانەکردن بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر خاسیەت و مۆرکی بونەوەرو دیاردەو تەنەکان، بەمەبەستی دیاریکردنی پرەکانیان.
- ✓ لە بواری دەروونزانیدا: پێوانەکردن مانای دیاریکردنی خاسییەت و خەسڵەتەکانی مرۆڤە، واتە (عەقڵی و هەڵچوونی و کۆمەلایەتی و جەستەیی و جوولەیی)، ئەمەش لە رێگەی پێدانی ژمارە و دیاریکردنی پری ئەو خاسیەتە.
- ✓ لە بواری پەروەردەو فێرکردنیشدا: پێوانەکردن بریتییە لە دیاریکردنی پری فێربوونی فێرخواز. ئەویش لە ڕێگەی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەکانی زارەکی و نووسینەکی و پراکتیکی و پرسیارەکانی دیکەی ناو پۆلەوە.

## جۆرەکانی پێوانەکردن

**١-پێوانەکردنی راستەوخۆ:** بریتییە لە پێوانەکردنی خاسییەتی شتە دیارەکان، کە بوونی ماددییان هەیە لەگەڵ دیاردە سروشتییەکان، کە پێوانەکردنیان ئاشکراو بەرچاوە و ئەنجامەکەیان وردتر و راسترە، کە راستەوخۆ بە بەکارهێنانی پێوەرێك پێوانە دەکرێن. وەك پێوانەکردنی باڵای کەسێك یان کێشی یان درێژی و پانی ژوورێك، راستەوخۆ (کیلۆگرام یان مەتر یان سم) بۆ پێوانەکردنیان بەکاردەهێنرێت و ئەنجامەکەشی بەدڵنیاییەوە دیاری دەکرێت، باری دەروونی و ئارەزووی کەسەکان کارناکاتە سەر ئەنجامەکەی.

**٢-پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ:** بریتییە لە پێوانەکردنی دیاردە دەروونییەکان، کە بوونی ماددیان نییە و ناتوانرێت راستەوخۆ پێوانە بکرێن، بەڵکو شتی هەست پێکراو نین و گریمانە و چەمکی نادیارن وەك (شەرم، ترس، ئازایەتی، دڵسۆزی، زیرەکی، تووڕەبوون، بەهرە...هتد)، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەسەر دەرئەنجام و شوێنەوارەکانیان و لە رێگەی رەفتارو هەڵسوکەوتی دەرەکییەوە بڕیاریان لەسەر دەدرێت. بۆ نموونە: زیرەکی راستەوخۆ پێوانە ناکرێت، بەڵکو دەکرێت بە پشت بەستن بە تاقیکردنەوە، ئاستی زیرەکی و نازیرەکی کەسەکانمان بۆ دەربکەوێت. پێوانەکردنی راستەوخۆ ئاسانترو وردتر و راستگۆترە لە پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ، لەبەر ئەوەی لە پێوانەکردنی راستەوخۆدا یەکسەر پێوانی دیاردەکە (درێژی، پانی، بەرزی، کێشی.... هتد)دەکەین و لەبەرچاوە، بەڵام لە پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆدا پێوانی دیاردەکانی وەك: (زیرەکی، بیرکردنەوە، یادکردنەوە، هەڵسەنگاندن، تێگەیشتن) لە رێگای کاریگەرییانەوە دەکەین، نەك خۆیان لەبەر ئەوەی هەست پێکراو نین بەڵکو گریمان و چەمکی نادیارن، لەبەر ئەوە جۆرەها هۆکار کاریگەرییان لەسەریان هەیە، سەرەڕای ئەوەش دیاردە

دەروونییەکان ئاڵۆزو هەمەلایەنن و بە ئاسانی پێوانە ناکرێن. لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە مەزاج و حەزوو و ئارەزوو و پاڵنەرەکانی تاك کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پێوانەکردن هەیە و لەوانەیە بە ئاسانی زانیاری نەدەن و بەرامبەر چەواشە بکەن.

# جیاوازی لە نێوان پێوانەکردنی راستەوخۆ و پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ

| ژ | پێوانەکردنی راستەوخۆ | پێوانەکردنی ناڕاستەوخۆ |
|---|---|---|
| ١ | راستەوخۆ بە بەکارهێنانی پێوەرێك دەپێورێت و پێوانە دەکرێت. | بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێت. |
| ٢ | بۆ پێوانەکردنی شتە بەرجەستە و سروشتییەکان بەکاردەهێنرێت. | بۆ پێوانەکردنی دیاردە دەروونییەکان، ئەوانەی هەستپێکراو نین و چەمکی نادیارن وەك (زیرەکی، شەرم، ترس، ئازایەتی...هتد) بەکاردەهێنرێت. |
| ٣ | میزاج و باری دەروونی کاریگەری لەسەر ئەنجامەکەی نابێت. | ئارەزوو و میزاج و باری دەروونی تاك کاریگەری لەسەر ئەنجامەکان هەیە، لە نەدانی زانیاری یان بەهەڵە پێدان و چەواشەکردن و هەڵخەڵەتاندن، هەموو ئەمانەش دەکەونە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکار. |
| ٤ | ئەو داتاو زانیاریانەی کە بەهۆیەوە دەستمان دەکەون وردن، واتا ئەنجامەکەی ورد و راستگۆیانەیە. | داتا و زانیارییەکان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە، یان لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی دیکە دەگۆڕێن، واتە ئەنجامەکانی زۆر ورد نین و رێژەین. |
| ٥ | بە ئاسانتر ئەنجام دەدرێت. | بە ئاسانی ئەنجام نادرێت. تێچوونی (مادی، ژیری، کات)ی پێویستە. |
| ٦ | ئامێرو ئامرازەکانی وەك: (مەت، کیلۆگرام، پەستان پێو...)بەکاردەهێنرێن. | ئامرازەکانی وەك جۆری تاقیکردنەوەکان و هەڵچوونەکان.... بۆ پێوانەکردن بەکاردەهێنرێن. |

## هەڵەکانی پێوانەکردن:

## چەند هۆکارێك هەن کار لە وردی و ئەنجامی پێوانەکردن دەکەن، لەوانە:

١- جۆری ئەو دیاردەی کە دەمانەوێت پێوانەی بکەین، بۆ نموونە: دیاردە سروشتییەکان و شتە بەرجەستەکان کە ڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێن ئەنجامەکەیان وردتر و ڕاسترە، بەڵام پێوانەکردنی دیاردە دەروونییەکان ئەنجامی دڵنیایی نین و ناڕاستەوخۆ پێوانە دەکرێن.

٢- جۆری ئەو ئامرازەی کە بۆ پێوانەکردن بەکاردەهێنرێت، کە تاوەکو پێوەرەکە وردتر بێت ئەنجامەکەی دروستتر دەبێت.

٣- ئامانج لە پێوانەکردن، واتە دیارکردنی ئامانجەکە کاریگەری دەبێت لەسەر وردی ئەنجامەکەی، بۆ نموونە تا ئامانجەکە گەورەتر بێت ئەوە هەوڵدان زیاتر دەبێت، وەك ئەوەی بمانەوێت پێوانەی پری زیرەکی (٥) فێرخواز بکەین کە ئاسانترە لە (١٠٠) فێرخواز.

٤- هەڵە خودییەکان، ئەم جۆرە هەڵانە زیاتر لە ئەو تێست و پێوانکارانەدا ڕوودەدن کە خودین و حەزو و ویست و مەزاجی توێژەر (نمرە دانەر) ڕۆڵی سەرەکی دەبینن. بۆ نموونە کاتێك مامۆستا پرسیارەکانی لە جۆری وتاری بێت، زیاتر تووشی هەڵە و بڕیاردانی خودی دەبێت، بە بەراورد بە مامۆستایەکی دیکە کە جۆری پرسیارەکانی لە جۆری بابەتی دەبێت. لەبەر ئەوە زۆر گرنگە مامۆستا ڕەچاوی مەرج و بنەماکانی دانانی پرسیاری وتاری و چۆنییەتی هەڵەچنی بێت، بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی کەمترین هەڵە ببێتەوە.

٥- هەڵەکانی سەرنجدان، دیقەت و وردی و لێهاتوویی لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی دیکە دەگۆڕێت، واتە جیاوازی تاکی (الفروق الفردیە) لە نێوانیاندا هەیە و لە کاتی سەرنجدانیان بۆ ڕەفتارێکی قوتابی هەریەکەو بەجۆرێك باسی دەکات و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکات. ئەمەش بۆ جیاوازی و توانا و لێهاتوویی و وردی سەرنجدانەکانیان دەگەڕێتەوە.

## جیاوازی پێوانە لە نێوان زانستە پەروەردەییەکان و زانستە سروشتییەکان

| ژ | پێوانی پەروەردەیی | پێوانی سروشتی |
|---|---|---|
| ١ | پێوانی ناڕاستەوخۆییە. | پێوانی راستەوخۆییە. |
| ٢ | رێژەی جێگیری تێدا کەمە. | رێژەی جێگیری تێدا زۆرە. |
| ٣ | رێژەی هەڵەی تێدا (٥%) و کەمترە. | رێژەی هەڵەی تێدا (١%) و کەمترە. |
| ٤ | مامەڵە لەگەڵ مرۆڤ دەکات، لە رەوشتی تاك دەکۆڵێتەوە. | مامەڵە لەگەڵ ماددە دەکات. |
| ٥ | کەرەستەکانی پێوانە، ئامادە نەکراوە و جێگیر نییە. | کەرەستەکانی پێوانە، ئامادەکراوە و جێگیرە. وەك (کگم. م. سم. گم. ملم... هتد). |

## خەمڵاندن (قەبلاندن) (التقدير أو تخمين) (Estimation):

مەبەست لەزاراوەی خەملاندن: پێوانەکردنی دیاردە و شتەکانە، پشت بە پێشبینی دەبەستێت، کە وردی و راستی رێژەیی تێدایە لەوانەشە تێدا نەبێت، چونکە پێوەرێکی دروست بۆ پێوانەکردنیان بەکارناهێنرێت.

خەملاندین جۆرێکی دیکەیە لە نرخاندن، کە جیاوازە لە پێوانەکردن، لەبەر ئەوەی وەك پێوانەکردن ورد و بەدیقەت نییە، بەڵام جاری وا هەیە پێداویستییەکانی ژیان و رووداوەکانی، مرۆڤ ناچار دەکەن کە پەنا بۆ خەمڵاندن ببات، لەبەر ئەوەی پێوانکاری پێویست لە ئەو کاتەدا لەبەردەست نییە تاوەکو پەنای بۆ ببردرێت. سەرباری ئەوەش هەر لە خودی پێوانەی لایەنی دەروونی تاك توشی چەندین گرفت دەبینەوە. بۆ

نموونە کە دەڵێن ئەو پیاوە کورتە باڵایە؟! ئەم بڕیارە تا چ رادەیەك راستە! لەسەر چ بنەمایەك ئەمە ووتراوە؟! لەوانەیە نەزانین؟! بەڵام ئەگەر وترا ئەو پیاوە باڵا کورتە، ئەمەش لەبەر ئەوەی درێژی باڵای (١٢٠سم)ە واتا وەسفەکە روونترە و ئاشکراترە. سەرەڕای ئەوەش دەبێت پێوەرێك هەبێت بۆ بەراورد کردن، بەڵێ بە کورتە باڵا ئەژمار دەکرێت، لەبەر ئەوەی تێکڕای درێژی پیاوان وەکو( معدل ) دەبێت (١٧٠سم) بێت. بەم شێوەیە بڕیارەکە و وەسفەکە دروستتر و باوەڕپێکراوتر و وردتر دەبێت.

## بەراورد لە نێوان پێوانەکردن و خەملاندن

| ژ | پێوانەکردن | خەملاندن |
| --- | --- | --- |
| ١ | پشت بە ئامراز (پێوەرێك) دەبەسترێت بۆ پێوانکردنی دیاردە و شتەکان. بۆ نموونە، وەك (تاقیکردنەوەکان، مەتر، کیلۆمەتر....هتد). | ١-پشت بە پێشبینی یان خەملاندن دەبەسترێت بۆ دیاریکردنی پرو چۆنییەتی خاسییەتی شتەکان. |
| ٢ | ئەنجامەکەی وردتر و باوەڕپێکراوترە بەتایبەت پێوانەی شتە ماددییەکان. | ٢- ئەو ئەنجامەی دەستمان دەکەوێت گریمانەییە ورد و دەقیق نییە. |
| ٣ | ئەو داتا و زانیارییانەی کە بەهۆی پێوانەکردنەوە دەستمان دەکەون راستترن و زۆر سوودمەندترە بۆ بڕیاردان. | ٣-لە کاتێکدا خەملاندنی خەسڵەتی شتەکان، بڕیاری دڵنیایی و کۆتایی نین. |

## ئاستەکانی پێوانەکردن

پرۆسەی پێوانەکردن چەند ئاستێك لەخۆ دەگرێت، کە بەپێی ئامانج و مەبەستی بەکارهێنانی، گۆڕانکاری بەسەردا دێت.

### ١-پێوانەکردنی بەناو (القیاس الاسمی) (Nominal Measurement)

بە سادەترین و ئاسانترین جۆری ئاستەکانی پێوانەکردن دادەنرێت. لەبەر ئەوەی لەم جۆرە پێوانەکردنە، تەنها ناو لە شتەکان دەنرێت، واتە بریتییە لە: پۆلینکردنی (تاك یان یەکە و شتەکان) بۆ چەند کۆمەڵێکی جیاجیا، کە هەریەکەیان خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە و لە کۆمەڵەکەی دیکە جیادەکرێتەوە، هەر کۆمەڵە ژمارە و ناوێکی تایبەتی پێدەدرێت بۆ ئەوەی لە رێگەی ئەو ژمارەوە لە کۆمەڵەکەی دیکە جیابکرێتەوەو بناسرێتەوە. بۆ نموونە، دابەشکردن و پۆلینکردنی قوتابی (دەرچوو) و (دەرنەچوو). مرۆڤ بۆ (نێرو مێ)...هتد. کاتێك ئێمە لەم جۆرە پێوانەکرنەدا ژمارە (١) دەدەین بە کوڕ و ژمارە (٢) بە کچ دەدەین، ئەمە مانای ئەوە نییە، کە کچ گەورەترە لە کوڕ یان دوو ئەوەندەی کورە، بەڵکو تەنها (ناونان و پۆلین)کردنی کورو کچە و ژمارەکان هیچ ماناو بەهایەکیان نییە، بێجگە لەوەش تەنها بۆ جیاکردنەوەی ئەو دوو توخمە بەکارهاتووە، دەتوانین پێچەوانەشی بکەینەوە، واتە ژمارە (١) بدەین بە کچ و ژمارە (٢) بدەین بە کوڕ. لەبەر ئەوە ژمارە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا هیچ بەهاو نرخێکی نییە، وەك ئەوەی لە بیرکاریدا هەیە، کەواتە پێدانی ژمارە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا بە ئارەزوو و ویستی توێژەرە. گرنگترین خاسیەتی ئەم پێوان کردنە ئەوەیە کە هەر چوار پرۆسەکەی هەژمارکردن (کۆکردنەوە، لێدەرکردن، جارانکردن، دابەشکردن) هیچ ماناو بەهایەکیان نییە، کەواتە: پێوانەکردنی ناوی = جیاکردنەوە (تمیز)

## ٢-پێوانەکردنی پلەیی (القیاس الرتبی) ( Ordinal Measurement )

پێوانەکردنی پلەیی بریتییە لە پۆلینکردنی یەکە و شتەکان بۆ چەند کۆمەڵ و گرووپێکی جیاجیا بەپێی سیستەمێکی دیاریکراو، کە لەوانەیە لە سەرەوە بۆ خوارەوە بێت (تنازلی) واتە لە زۆرەوە بۆ کەم (٥، ٤، ٣، ٢، ١)، یان بە پێچەوانەوە لەخوارەوە بۆ سەرەوە بێت (تصاعدی)، واتە لە کەمەوە بۆ زۆر (١، ٢، ٣، ٤، ٥). ئەم جۆرە پێوانەکردنە لەو کات حاڵەتانەدا بەکاردەهێنرێت، کە نەتوانین زۆر بە راستی و وردی، پری ئەو شتەی کە پێوانە دەکەین دیاری بکەین و بیزانین. لەلایەکی دیکەوە پێوانەکارو ئامرازێکی تری(کە باشتر بێت لەم جۆرە پێوانەکردنە)نەبێت، بۆیە پەنا بۆ ئەم جۆرە پێوانەکردنە دەبەین. هەروەك ئاماژەمان پێدا، ئەم پێوانەکردنە، کاتێك بەکاردەهێنرێت، کە بتوانین یەکە و شتەکان بەشێوەیەکی پلە بەپلەیی ریز بکەین و هەست بە بوونی جیاوازی لەنێوان پلەکاندا بکەین. بۆ نموونە کاتێك نمرە لە زانکۆ بە قوتابییەکان دەدەین، دەتوانین بەپێی نمرە و ئاستەکانیان بەم شێوەیە پۆلینیان بکەین: (لاواز........١)، (پەسەند.......٢)، (ناوەند.........٣)، (باش........٤)، (زۆرباش........٥)، (نایاب.......٦). لەم جۆرە پێوانەکردنەدا پلە بە پلە و ریزکردنەکان مانایان هەیە، واتە ژمارە (٦) باشترە لە ژمارەکانی ترو ژمارە (١) خراپترە لە هەموو ژمارەکانی ترو (٤) باشترە لە (٣) بەڵام خراپترە لە (٥)، بە پێچەوانەی پێوانەکردنی بەناو، کە ژمارەکان هیچ ماناو بەهایەکیان نەبوو. کەواتە ژمارە لەم جۆرە پێوانەکردنەدا، یان ئاماژە بۆ زۆری یان بۆ کەمی پری ئەو دیاردەیە دەکات و مانا و بەهای خۆی هەیە و هەر لە خۆیەوە بەشێوەیەکی هەرەمەکی دانەنراوە و توێژەر ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی ژمارە بە دیاردەکان بدات. بۆ نموونە: ناتوانین ژمارە (٣) بە لاوازو (٢) بە ناوەند بدات، بەڵکو دەبێت پشت بە کەمی و زۆری پلەی شتەکە ببەستێت.

لەم پێوانەکردنەدا، جیاوازی نێوان پلەکان بەشێوەیەکی ورد نازانرێت و مەرج نییە کە جیاوازی نێوان فێرخوازی نایاب و فێرخوازی زۆرباش یەکسان

بێت بە جیاوازی نێوان فێرخوازی زۆرباش و فێرخوازی باش، کەواتە پرۆسەکانی هەژمارکردن (کۆ، کەم، دابەش، لێکدان) سوودێکی ئەوتۆی نییە و هیچ مانابیەکی زانستی نادات.

کەواتە: پێوانەکردنی پلەیی = جیاکردنەوە + ریزکردن.

## ٣-پێوانەی نێوانەیی (ناوبەناو) (القیاس الفاصل) (Interval Measurement)

پێوانەکردنی نێوانەیی ئەو جۆرە پێوانەکردنەیە، کە لەو رێگەیەوە یەکە و شتەکان بەپێی رێکخستن و ریزکردنێکی دیاریکراو پۆلین دەکرێن، سەرەڕای بوونی ماوە و دووری کە یەکەکانیان یەکسانە و مانادارە.

ئەم پێوانەیە وردترە لە دوو پێوانەکەی دیکە، ژمارە مانای خۆی هەیە، کە بۆ جیاکردنەوەی شتەکان و زانینی جیاوازی پرو بەهاکانیان و دیاریکردنی نمرە و دووری نێوان شتەکان بەکاردەهێنرێت. بۆ نموونە، دەتوانرێت جیاوازی نێوانی دوو نمرە، کە یەکێکیان (٨٠) نمرەیە و ئەوەی دیکە (٨٥) نمرەیە دیاری بکرێت، کە دەکاتە (٥) نمرە یان یەکە. تایبەتمەندی ئەم ئاستەی پێوانەکردن لەوەدایە، کە ( سفر) مانای نەبوونی سیفەتەکە ناگەیەنێ. وەك ژمارەکی دیکە (بەها)ی هەیە، چونکە لە ژێر (سفر)یش ژمارەی دیکە هەیە وەك (-١، -٢، -٣،....هتد). ئەم شێوازەی پێوانەکردنە بۆ جۆری پێوانەی ناڕاستەوخۆ گونجاوە بۆ پێوانەکردنی بواری دەروونی و پەروەردە و فێرکردن. لەلایەکی دیکەوە لەم جۆرە پێوانەکرنەدا، دەتوانرێت رێژە دەربهێنرێت، بەڵام هیچ سوود و بەهایەکی نییە و لە واقیعدا پراکتیزە ناکرێت. لەم پێوانەکردنەدا، دەتوانین هەردوو پرۆسەی کۆکردنەوە (+) و لێدەرکردن (-) بە ئەنجام بگەیەنین، بەڵام لێکدان (×) و دابەشکردن (÷) بەکارناهێنرێت.

کەواتە: پێوانەکردنی نێوانەیی = جیاکردنەوە + ریزکردن + دیاریکردنی ماوەی نێوانیان.

## ٤-پێوانەکردنی رێژەیی (القياس النسبی) ( Ratio measurement).

ئەم جۆرە پێوانەکردنە، هەموو خاسییەت و رەهەندەکانی پێوانەکردنی نێوانەیی (ناوبەناو)ی هەیە، بەڵام جیاوازی سەرەکی نێوانیان ئەوەیە کە لە پێوانەکردنی رێژەییدا (سفر) رەهایە (الصفر المطلق)، واتە مانای نەبوونی شتەکە دەگەیەنێ. کاتێك دەڵێین: فلان کەس داهاتەکەی سفرە، مانای ئەوەیە هیچ داهاتێکی نییە. ئەم جۆرە پێوانەکردنە لەبەر ئەوە ناونراوە پێوانەکردنی رێژەیی، چونکە رێژەی ژمارەکان لەگەڵ یەکتریدا مانایان هەیە، بە پێچەوانەی پێوانەکانی دیکەوە، کە رێژەکانیان هیچ ماناو بەهایەکی زانستیان نییە. بۆ نموونە، کاتێك دەڵێین: درێژی کەسێك (١٨٠)سم، درێژی کەسێکی دیکەش (٩٠)سم، مانای ئەوەیە کە درێژی کەسی یەکەم دوو ئەوەندەی درێژی کەسی دووەمە. شایەنی ئاماژە بۆ کردنە، هەموو کردارە ژمێرارییەکان لەم پێوانەکردنە بەکاردەهێنرێت.

کەواتە: پێوانەکردنی رێژەیی = جیاکردنەوە + ریزکردن + یەکسانی نێوان ماوەکان + دیاریکردنی رێژەییەیان.

# بەشی دووەم:

# ئەزموون و تاقیکردنەوەی دەستکەوت

## ئەزموون (تاقیکردنەوە) (پێوانکار) (الاختبار) (Test):

هەروەك ئاماژەمان پێکرد، پرۆسەی پێوانەکردن بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان، بەڵام ئەم پرۆسەیە پشت بە تێست و پێوانکاری تایبەت بە دیاردەکە دەبەستێت، واتە ناتوانین بەبێ تاقیکردنەوە و راپرسی و پێوانکار، پرۆسەی پێوانەکردن و کۆکردنەوەی زانیاری بە ئەنجام بگەیەنین. واتە پێوانکار کەرەستە و ئامرازی سەرەکی پێوانەکردنە و لەو رێگەیەوە زانیاری و داتا لەسەر دیاردەکان کۆدەکەینەوە. بەتایبەتیش پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن پێویستییەکی زۆری بە تێست و پێوانکار هەیە، تا لەو رێگەیانەوە توانا و لێهاتوویی و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخواز دیاری بکرێن.

## جۆرەکانی تاقیکردنەوەکان (تێستەکان) (أنواع الاختبارات):

### بەشێوەیەکی گشتی تێستەکان زۆر جۆریان هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١- تاکی (فردی): ئەم جۆرە تێستە بەشێوەیەکی تاکی پراکتیزە دەکرێت، واتە هەرجارە و دەدرێت بە کەسێك و پرسیاری لێدەکرێت، دوای ئەوەی ئەو کەسە تەواو دەبێت و وەڵامی هەموو پرسیارەکان دەداتەوە، ئینجا تێستەکە لەسەر کەسێکی دیکە پراکتیزە دەکرێت، بۆ نموونە وەك تاقیکردنەوەی زارەکی.

٢- بەکۆمەڵ (جماعی): لەم جۆرە تێستەدا بەکۆمەڵ تاقیکردنەوە بۆ بەشداربووان دەکرێت، واتە لە یەك کاتدا تێستەکە بەسەر ژمارەیەکی زۆری بەشداربوواندا دابەش دەکرێت و هەموویان لە هەمان کاتدا وەڵامی پرسیارو پڕگەکانی تێستەکە دەدەنەوە. بۆ نموونە، وەك تاقیکردنەوەی وتاری یان بابەتی.

٣- وێنەدار (الصور): پڕگەو پرسیارەکانی ئەم جۆرە تێستانە وێنەی جۆراوجۆرن، واتە لەجیاتی ئەوەی پرسیاری زارەکی یان نووسین لە بەشداربوو بکرێت، ئەوا کۆمەڵێك وێنەی جۆراوجۆری پیشان دەدرێت و لە رێگای ئەو وێنانەوە تواناو خەسڵەتەکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە پێوان دەکرێن، بەتایبەتیش بۆ منداڵ و کەسانی کەڕولاڵ یان نەخوێندەوار یان کەسانی ئاسایی، چونکە هەندێکجار فاکتەری زمان و توانای قسەکردن رۆڵی سەرەکیان لە تێستەکاندا هەیە، بەڵام ئەم جۆرە تێستە تا رادەیەکی زۆر کاریگەری زمان و توانای قسەکردن کەم دەکاتەوە.

٤- زارەکی (گۆیی): لەم جۆرە تێستەدا بەشێوەیەکی زارەکی پرسیار لە بەشداربوو دەکرێت و ئەویش بەشێوەیەکی زارەکی وەڵام دەداتەوە، واتە نووسین و خوێندنەوە هیچ رۆڵێکیان نییە، ئەمەش بۆ ئەو کەسانە گونجاوە کە توانای نووسین و خوێندنەوەیان نییە یان زۆر لاوازە و ناتوانن بە نووسین وەڵام بدەنەوە. لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە تێستانە بۆ زانین و پێوانکردنی توانای قسەکردن و گوزارشتکردن گرنگن.

٥- پراکتیکی: لەم جۆرەدا، بەشداربوو کاروچالاکییەکی پراکتیکی بە ئەنجام دەگەیەنێت، واتە پێوانکردن و هەڵسەنگاندنی تواناکانی تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە رێگەی کاروچالاکی پراکتیکییەوە دەبێت نەك لە رێگای قسەکردن یان نووسین.

٦- خێرایی: لەم جۆرە تێستەدا، کات ڕۆڵی خۆی هەیە و بەشداربوو دەبێت لە ماوەیەکی دیاریکراودا وەڵامی پڕگە و پرسیارەکانی تێستەکە بداتەوە، چونکە مەبەستی توێژەر ئەوەیە کە بزانێت بەشداربوو لە ماوەیەکی دیاریکراودا چەند توانای لە ئەو بوارەدا هەیە کە تیایدا تاقیدەکرێتەوە.

٧- هێز: لەم جۆرەدا، کات رۆڵی سەرەکی نییە و کاتی پێویست بۆ بەشداربووان تەرخان دەکرێت و مەبەستی سەرەکی توێژەر ئەوەیە بزانێت بەشداربوو چەند هێزو توانای لە ئەو بوارەدا هەیە، واتە مەبەستییەتی زۆرترین زانیاری لە ئەو کەسە وەربگرێت کە تێستی بۆ دەکات.

## تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن چییە؟

✓ بریتین لەو پرسیار و چالاکیانەی کە مامۆستایان داوا لە فێرخوازان دەکەن وەلامیان بدەنەوە و ئەنجامیان بدەن بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ئاستی فێربوونیان لە بابەتێکی دیاریکراودا.

## گرنگی و بایەخی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

١- فاکتەرێکی کاریگەر لای فێرخواز دروست دەکەن، بۆ بایەخ سەیرکردنی پرۆسەی خوێندن و و فەرامۆش نەکردنی پرۆگرامی خوێندراو.
٢- هەستی پێداچوونەوە و دووبارەکردنەوە و راهێنان لای فێرخواز دروست دەکات، کە مەرجێکی فێربوونە.
٣- ئاستی پابەند بوونی فێرخواز بە رێنمایی و کاتی دەوام و وانە خوێندن زیاد دەکات.
٤- هۆکاری دیارخەری جیاوازی تاکایەتییە.
٥- ئامرازێکن بۆ هەڵسەنگاندنی رێگاو شێوازەکانی وانەگوتنەوەی مامۆستا.
٦- هۆکارێکن بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکانی خوێندن و دیاریکردنی لایەنی بەهێزو لاوازیان گونجاویان بەپێی ئامانج و قۆناغی خوێندن و ئاستی ژیری.
٧- ئامرازن بۆ دەستنیشانکردنی ئەو گرفتانەی رووبەڕووی پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەبنەوە.
٨- ئامرازیکی گرنگە بۆ چەسپاندنی دادگەری لەنێو فێرخوازدا بۆ پێدانی نمرە و جیاکردنەوەیان بەپێی ئاستیان و دابەشکردنیان بەسەر بەش و

کۆلیژەکاندا. سەرباری ئەوەی ئاگادارکردنەوەی خێزانەکانیان بە ئاستی دەستکەوت و ئەنجامی خوێندنی رۆڵەکانیان.

## جۆرەکانی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن

یەکەم: تاقیکردنەوەی زارەکی (الإختبارات الشفویە):

دووەم: تاقیکردنەوەی نوسینەکی و جۆرەکانی:

سێیەم: تاقیکردنەوەی کرداری (جێبەجێکردن):

## یەکەم: تاقیکردنەوەی زارەکی (الإختبارات الشفویە) (Oral Test):

ئەم جۆرە تاقیکردنەوە شێوازێکی هەرە کۆنی تاقیکردنەوەکانە، کە لە پری نووسین پشت بە دەربرینی زارەکی دەبەستێت، لەسەر گوتن و توانای دەرپرین وەستاوە، کە نوسینی تێدا بەکارناهێنرێت و فێرخواز لە رێگەی دەمەوە (بەشێوەیەکی زارەکی) وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە مامۆستا ئاراستەی دەکات.

پرسیاری زارەکی تاکیە و لەیەك کاتدا پرسیار تەنها لەیەك فێرخواز دەکرێت، پێویستە ئەو کەسەش وەڵام بداتەوە کە لێی دەکرێت، چونکە لەوانەیە بەشی زۆریان وەڵامەکە بزانن. ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی نەزانێ دەکرێت هەمان پرسیار ئاراستەی کەسێکی دی بکرێت. هەر لەبەر ئەوەشە بەم جۆرە پرسیارانە ناتوانرێت هەڵسەنگاندنی گشتی ئەنجام بدرێت و بە یەکتری بەراورد بکرێن، چونکە هەموویان وەڵامی یەك جۆر پرسیار نادەنەوە.

**<u>تایبەتمەندیە باشەکانی تاقیکردنەوەی زارەکی:</u>**

١ –مامۆستا دەتوانێ(فیدباکی)ڕاستەوخۆ وەربگرێت، وەڵامە هەڵەکان ڕاست بکاتەوە،

٢ – دەرفەتی گزیکردن (قۆپی کردن) ی تێدا نییە یان زۆر کەمە.

٣ – پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان مامۆستا و فێرخواز بەهێز دەکات.

٤ – بۆ قۆناغی سەرەتایی زۆر گونجاوە، چونکە لەم قۆناغەدا فێرخواز توانای نوسینی نییە یان سنوردارە.

٥ – بە پێچەوانەی تاقیکردنەوەکانی تر بۆ ئامادەکردن و ئەنجامدانی پێویستی بە کات و هەوڵی زۆر نییە.

٦ – بۆ وانەکانی فێربوونی زمان گونجاوە، بە مەبەستی چۆنیەتی فێرکردنی پیت و وشە و خوێندنەوە و دەرپڕینیان.

٧ – سوودی بۆ بەهێزکردنی توانای دەرپڕین و گفتوگۆی فێرخواز هەیە.

٨ – ترس و دڵەڕاوکێی فێرخواز دوور دەخاتەوە.

**<u>خەسڵەتە خراپەکانی:</u>**

١ – تایبەتمەندی کەسێتی کاری لێدەکات وەك شەرمکردن و گۆشەگیری.

٢ – ئەو پرسیارانەی مامۆستا ئاراستەی فێرخوازانی دەکات ئاشکرا دەبن. بەمەش فێرخوازەکان وەڵامەکان لەیەکتری وەردەگرن.

٣ – بۆ بەراورد کردنی ئاستی فێرخوازان لەگەڵ یەکتر زۆر گونجاو نییە.

٤ – هەموو بابەتەکە ناگرێتەوە.

٥ – هەندێ جار دەبێتە هۆی ژاوەژاو و باری ئارامی پۆل تێکدەچێت.

٦ – دەرفەتی بەشداری کردن بۆ بەشێکی دیاریکراو دەرەخسێت.

٧ – پێویستی بە کاتی زۆر هەیە.

## هەنگاوەکانی باشترکردنی تاقیکردنەوەی زارەکی:

١- پێویستە جۆری پرسیارەکان بەپێی ئاستی فێرخوازان ئاراستە بکرێن و کاتی گونجاو بۆ وەڵامدانەوە بەفێرخواز بدرێت.
٢- ئەوانەی گرفتی زمانیان هەیە پرسیاری بابەت یان کورتە وەڵامیان لێبکرێت و نەشکێنرێنەوە و هەرگیز رێگە بەفێرخوازانی دیکە نەدرێت، کە گاڵتە بە وەڵامی هاورێکانیان بکەن.
٣- مامۆستا هەوڵبدات بەپێی گونجاوی کات، زۆرترین پرسیار پێشتر ئامادە بکات و ئاراستەی فێرخوازان بکات، تا دەرفەتی بەشداری بۆ زۆرترینیان برەخسێت. هەروەها زیاتر لە جارێك تاقیکردنەوەی زارەکیان پێ بکات.
٤- بۆ هەڵسەنگاندنی رۆژانە مامۆستا تەنها پشت بە تاقیکردنەوەی زارەکی ئاستی بەشداری فێرخواز لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ناو پۆل نەبەستێت، بەڵکو چالاکییەکانی دیکەش لەبەرچاو بگرێت وەك جێبەجێکردنی ئەرکی ماڵەوە.
٥- کەمکردنەوەی کاریگەری دڵەڕاوکێ و شلەژان لای فێرخواز و ئاسانکاریکردن لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
٦-دوورکەوتنەوە لە توندوتیژی و بەکارهێنانی وشەی بێزارکەرو سزا لەکاتی وەرگرتنەوەی وەڵام.

### دووەم: تاقیکردنەوەی نوسینەکی و جۆرەکانی:

ئەو تاقیکردنەوانە دەگرێتەوە کە قوتابیان وەڵامی پرسیارەکان بەشێوەی وتاری لەسەر وەرەقە وەڵام دەدەنەوە. بەیەکێك لە بەربڵاوترین جۆرەکانی تاقیکردنەوە دادەنرێن، کە لە زۆربەی قۆناغەکانی خوێندن پشتیان پێدەبەسترێت.

### گرنگترین جۆرەکانی تاقیکردنەوەی نوسینەکی:

١ - تاقیکردنەوەی وتاری

٢ - تاقیکردنەوەی بابەتی




## گرنگترین جۆرەکانی تاقیکردنەوەی نوسینەکی:

### ١ - تاقیکردنەوەی وتاری

بڵاوترین جۆرەکانی پێوانەی بەدەستهێنانە، کە مامۆستا پرسیارێك یان زیاتر ئاراستەی فێرخوازان دەکات و داوایان لێ دەکات کە لەرێگای نووسینەوەوە وەڵام بدەنەوە، لەم جۆرە پرسیارانەدا هیچ داتاو زانیاریەك جگە لە پرسیارەکە بە فێرخواز نادرێت، کە لەکاتی وەڵامدانەوەدا پشتی پێ ببەستێت، لەبەر ئەوە دەبێت بۆ وەڵامدانەوەیان پشت بە زانیاری و شارەزایەکانی خۆی ببەستێت.

ئەم جۆرە پرسیارانە پێویستیان بە وەڵامی درێژ یان مامناوەند یان کورت هەیە کە بەگوێرەی داواکاری پرسیارەکە، بە لێکدانەوە و راڤەکردن و بەراوردو وەسف و ..... هتد پێویستی بە نیو لاپەرە یان لاپەرەیەك یان دوو لاپەرە یان زیاترە.

## جۆرەکانی پرسیاری وتاری:

**١ - وتاری کورت:** ئەو جۆرانەن کە پێویستیان بە وەڵامی کورتە یان مامناوەندە.

لە دەستەواژەی پرسیاری وتاری کورت: (پێناسە بکە، بەکورتی لەسەری بدوێ، بیانژمێرە، بەکورتی روونی بکەوە، بیانژمێرە و بەکورتی باسی یەکێکیان بکە، پوختە بنووسە، راڤە بکە، ...هتد). لە نمونەی پرسیاری ئەم جۆرەیان: - بەکورتی پێناسەی ئەمانە بکە؟ - ئەمانەی خوارەوە روون بکەرەوە؟

**٢ – وتاری درێژ:** وەڵامەکەیان درێژە و بەگوێرەی داواکاری پرسیارەکە لە لاپەرەیەك دوو زیاتری پێویستە بۆ وەڵامدانەوە .

لە دەستەواژەی پرسیاری وتاری درێژ (بەدرێژی لەسەری بدوێ، بەنمونەوە پەیوەندی نێوانیان رونبکەوە، وەسف بکە، بیسەلمێنە، باسی بکە).

لە نمونەی پرسیاری ئەم جۆرەیان: – باسی کاریگەری رەگەزەکانی ئاو و هەوا بکە لەسەر روەکی سروشتی؟ - باسی دیاردەی گزیکردن بکە لەناوەندەکانی خوێندن؟

## <u>لایەنە باشەکانی پرسیاری وتاری</u>

١ – دانانی پرسیاری گوتاری ئاسانە و کاتێکی کەمی دەوێ.

٢ – بۆ ئەو کەسانەی کە شەرمنن یان گۆشەگیرن چاکە، چونکە بەئارەزووی خۆیان دەتوانن وەڵام بدەنەوە.

٣ – توانای داڕشتن و دەربڕینی فێرخواز بەهێز دەکات. فێری رەخنەگرتن و هەڵسەنگاندنی دەکات.

٤ – كارامەیی نووسین بەهێز دەكات.

٥ – بواری گواستنەوەی زانیاری (گزیكردن) لەكاتی تاقیكردنەوەدا لە نێوان فێرخوازاندا كەمە.

٦ – بۆ ئەو گرووپ و قۆناغانەی كە ژمارەیان كەمە زۆر گونجاوە.

٧ – هانی فێرخواز دەدات كە زانیاری دەرەكی بخوێنێتەوە.

٨ – جیاوازی دەكات لە نێوان قوتابی بیرمەند و ئەوانی پشت بە (لەبەركردن) بەبێ تێگەیشتن دەدەن.

٩- زیاتر لە توانایەك پێوانە دەكات.

## <u>لایەنە خراپەكانی پرسیاری وتاری</u>

١ – گشتگیری لەدەست دەدات، چونكە تەواوی بابەتەكە ناگرێتەوە.

٢ – هەڵەبرینی ( سەحدان ) كاتێكی زۆری پێویستە.

٣ – فێرخوازان لە وەڵامدانەوەدا زیادەرەوی دەكەن.

٤ – خەت خۆشی و ناخۆشی كار لە مامۆستا دەكات لە پێدانی نمرە.

٥ – ئەگەری زۆر هەیە مامۆستا لە سەحدانی بابەتی نەبێت بكەوێتە ژێر كاریگەری خودی.

٦ – ئەگەر داڕشتنی پرسیارەكان ڕون نەبێت، فێرخواز تووشی دڵەڕاوكێ دەبێ.

٧ – تێچونی زۆرە لە رووی كات و خەرج و تواناوە.

٨ – هەندێ جار لەم جۆرە پرسیارانەدا بەخت دەور دەبینێت. بۆ نموونە: هەندێك قوتابی بەشێك زۆر باش دەخوێنن و ئەوانی دیكە فەرامۆش دەكەن، دەبینین پرسیار تەنها لەو بەشە هاتۆتەوە كە ئەو خوێندوویەتی.

٩ – ئەگەر مامۆستا شارەزا نەبێت لە شێوازی هێنانەوەی پرسیارەکان، فێرخواز فێری لەبەرکردن و دەرخ دەکات بێ تێگەیشتن و بیرکردنەوە.

## **بنەماکانی ئامادەکردنی پرسیاری وتاری:**

١- پێویستە تاقیکردنەوەی وتاری بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو ئامانجانە بەکاربهێندرێ، کە ناتوانرێت بەو شێوەیە لە رێگای تاقیکردنەوەی بابەتییەوە هەڵبسەنگێندرێن.
٢- لەبەر ئەوەی تاقیکردنەوەی وتاری پێویستی بە کاتی کەم هەیە بۆ ئامادەکردن و دانانی، هەروەها کاتێکی زۆری دەوێت بۆ هەڵەچنین، بۆیە بەباش دەزانرێ لەم حاڵەتانەدا بەکاربهێنرێت: (أ- کاتێك ژمارەی فێرخوازەکان کەم بن، ب- کاتێکی کەم هەبێت بۆ ئامادەکردن و دانانی پرسیارەکان).
٣- پێویستە هەموو پرسیارەکان روون و ئاشکرا بن، هەروەها هەر پرسیارێك تایبەت بێت بە کێشە و گرفتێك.
٤- ئەگەر مەبەستی مامۆستا لە تاقیکردنەوەکە هەڵسەنگاندنی گشتی بێت بۆ دەستکەوت و زانیارییەکانی فێرخواز. ئەوا نابێت پرسیاری پشت گوێخراو (تەرك) تێدا بێت، بەڵکو دەبێت هەموو پرسیارەکان وەڵام بدەنەوە.
٥- پێویستە پرسیارەکان پێش ماوەیەك لە کاتی تاقیکردنەوە، ئامادە بکرێت. بۆ ئەوەی مامۆستا چەند جارێك چاوی پێدا بخشێنێتەوە و سەرنجی ئامانجەکانی بدات، تا ئەگەر کەم و کورتی تێدا هەبوو ئەوا چاکیان بکاتەوە.
٦- مامۆستا تا دەتوانێت هەوڵ بدات پرسیارەکانی گشتگیرو سەرتاسەری بێت و زۆربەی بابەتەکەی لەخۆ بگرێت.
٧- دەبێت پرسیارەکان رەچاوی جیاوازی تاکایەتی تێدا کرابێت.
٨- باشتر وایە ژمارەی پرسیارەکان زۆر بن، بەڵام وەڵامەکان کورت و پوخت بن.

## بنەماکانی هەڵەچینی (سەحدانی) پرسیاری وتاری:

١-باشتر و زانستیترە، پێش دەستکردن بە هەڵەپرین، وەڵامی نموونەیی ئامادە بکرێت و لە سەحداندا پشتی پێ ببەسترێت.
٢- دوای دیاریکردنی وەڵامی نموونەیی، پێویستە نمرەی هەر پرسیارێك دیاری بکرێت و لە بەرامبەر هەر پرسیارێك بنووسرێت.
٣-باشتر وایە ریزبەندی وەرەقەکان دوای هەڵەپرینی هەر پرسیارێك بگۆرێ.
٤- لەکاتی هەڵەپریندا (پرسیا پرسیار) بکرێت. واتە هەر پرسیارێك لە سەرجەم وەرەقەکان سەح بدرێت، ئینجا بچۆرە پرسیارێکی دیکە.
٥- بەپێی توانا هەولبدرێت سەرنج نەدرێتە سەر ناوی فێرخوازان، یان شاردنەوەی ناوەکان.
٦- پێویستە مامۆستا نەکەوێتە ژێر کاریگەری رێنووسی جوان و ناشرین یان زۆر نووسین و کەم نووسین نەکاتە بنەما بۆ پێدانی نمرە.

## ٢- تاقیکردنەوەی بابەتی (پرسیاری):

بریتین لەو جۆرە پرسیارانەی کە بەکەمترین دەرپرین یان دەستەواژە فێرخواز وەڵامیان دەداتەوە، ناتوانن بەئارەزووی خۆیان وەڵام بنوسن، بەڵکو تەنها وەڵامی دیاریکراویان لێ داوا دەکرێت. مامۆستا لە داڕشتنی پرسیاردا داتا و زانیاری بە فێرخواز دەدات یان دەخاتە بەردەستی تا لەکاتی وەڵامدانەوەدا سوودی لێ وەربگرێت.

## تایبەتمەندی و خاسیەتە باشەکانی تاقیکردنەوەی بابەتی:

١- کاریگەر نابێت بە مەزاج و حەزو ئارەزووی خودی مامۆستا.
٢- راستگۆیی و جێگیری زۆرباش لە هەندێك لە جۆرەکانی هەیە.
٣- لە رێگای جۆراوجۆری و زۆری ژمارەی پرسیارەکان، زۆربەی بابەتەکانی داواکراو لەخۆ دەگرێت.
٤- پێویستی بە کات و ماندووبوونێکی زۆر نییە بۆ هەڵەپرین.
٥- بۆ نووسینەوەی وەڵامەکان، بۆ قوتابیان ئاسانە.

## جۆرەکانی پرسیاری بابەتی:

**یــەکــەم/ بۆشایی:** لەم جۆرە پرسیارانەدا داوا لە فێرخواز دەکرێت کە رستە و دەستەواژە ناتەواوەکان تەواو بکەن. لە نمونەی ئەم جۆرە پرسیارانە:

١ – رۆژنامەی .......... یەکەم رۆژنامەی کوردیە لە(٢٢/٤/١٨٩٨ز) لەقاهرە دەرچووە.

٢ – شاری هەولێر دەکەوێتە نێوان هەردوو زێی ............ و ........... .

شێوازێکی تری پرسیاری بۆشایی تایبەت بە قۆناغی سەرەتایی بەکاردەهێنرێت ئەوەیە کە بژاردە دەخرێتە بەردەست فێرخواز کە لە شوێنی گونجاو دایبنێت.

پ/ ئەم بۆشای یانەی خوارەوە بەم وشانە پر بکەرەوە یان ( ئەم وشانە لە شوێنی گونجاو دابنێ): ( بەسوودە ، گەرمە ، خۆشە ، سەیران)

١ – لەوەرزی بەهاردا خەڵکی بۆ ........... روو لە دەشت و دەر دەکەن.

٢ – بێخاڵا هاوینەهەوارێکی ............... .

٣ – میوە بۆ تەندروستی مرۆڤ ............ .

**<u>لایەنە باشەکانی ئەم جۆرە پرسیارانە:</u>**

١ – جیا لە پرسیارەکانی تری بابەتی، کەمترین بواری خەمڵاندنی تێدایە.

٢ – (چانس) کەمترین رۆڵی لەوەڵامدانەوەدا هەیە.

٣ – تارادەیەکی زۆر دەتوانێت گشتگیری بەپرسیارەکانی تاقیکردنەوە بدات.

٤- زیاتر لە ئاستێك پێوانە دەکات.

**<u>لایەنە خراپەکانی:</u>**

١ – کاتێکی زیاتری پێویستە بۆ هەڵەبرینی بە بەراورد بە جۆرەکانی تری پرسیاری بابەتی.

٢ – خەسڵەتی بابەتی بوونی کەمتر تێدا بەرجەستە دەبێت لە هەڵەبرین و نمرەدا. چونکە نووسیی تێدایە.

٣ – هەڵەی رێنووس وژمارە و هێماکان ...... هتد زۆر جار گرفت بۆ مامۆستا دروست دەکات لە پێدانی نمرە.

**دووەم/ هەڵبژاردن (هەڵبژاردن لەچەند دانەیەك):** بە بەربڵاوترین جۆرەکانی پرسیاری بابەتی دادەنرێت، پێوەرێکی گرنگیشن کە بۆ پێوانەکردنی ئاستە جیاوازەکانی لایەنی مەعریفی فێرخواز بەکار دەهێنرێن، بابەتیترین و ئاسانترینە بۆ هەڵە پرین.

داڕشتن و دروستکردنی ئەم جۆرە پرسیارانە بەسەر دوو بڕگەدا دابەش دەبێت، کە ئەوانیش بریتین لەبڕگەی سەرەکی (پرسیارەکە)و بڕگەی وەڵامەکان (هەڵبژاردنەکان – جێگرەوەکان)، کە لەبەرامبەر هەر پرسیارێکدا (٣ – ٥) هەڵبژاردن دیاریدەکرێت بۆ دەست نیشانکردنی وەڵامی ڕاست یان ڕاستترین هەڵبژاردن بۆ بڕگە سەرەکیەکە. ئەم جۆرەیان لە توانایدا هەیە پێوانی زۆربەی توانستە عەقڵییەکانی پۆلینەکەی بلۆم بکات.

## لایەنە باشەکانی پرسیارەکانی هەڵبژاردن:

١- بەئاسانی هەڵەپڕ دەکرێت و کاتێکی کەمی دەوێت.
٢- زۆر بابەتیانە و ڕاستگۆیانە هەڵەپڕی وەڵامەکان دەکرێت.
٣- بۆ پێوانەکردنی زۆربەی ئاستەکان بەکار دەهێنرێت.
٤- دەتوانرێت گشتگیری بە پرسیارەکان بدات.
٥- لەکاتی هێنانەوەی ئەنجامەکان نابنە جێگەی مشتومڕی وگلەیی کردن.

## لایەنە خراپەکانی:

١- هەندێ جار چانس و خەملاندن ڕۆڵی تێدا هەیە، بەتایبەت ئەگەر ژمارەی هەڵبژاردنەکان کەم بێت
٢- کاتێکی زۆری دەوێ بۆ دانانیان و ئامادەکردنیان.
٣- دیاردەی گزیکردن وگواستنەوەی وەڵامەکان بەئاسانی جێبەجێ دەکرێت.
٤- پێویستی بە هۆڵی گونجاو و چاودێری توند و گونجاو هەیە.
٥- دەبێتە هۆی لاواز بوونی توانای نوسینەکی و ڕێنووسی فێرخواز.

**سێ یەم/ ڕاست و هەڵە:** بریتین لەو رستەو دەستەواژانەی، کە مامۆستا بۆ فێرخواز دەهێنێتەوە، کە هەندێکیان ڕاست و هەندێکی تریان هەڵەن، کە بەنوسین یان هێماکانی ( √ یان × ) لەبەردەم هەر دەستەواژەیەك دادەنرێت، یان دەکرێت بەزاراوەکانی (بەڵێ و نەخێر)یش وەڵام بدرێتەوە.

### شێوازەکانی پرسیاری ڕاست و هەڵە:

١ – ڕاست وهەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بکە یان نیشانەی( √ ) لەبەردەم دەستەواژەی ڕاست و نیشانەی ( × ) لەبەردەم دەستەواژەی هەڵە دابنێ.

نموونە: ئەشكەوتی شانەدەر دەكەوێتە سنوری كارگێری پارێزگای دهۆكەوە.

٢ – دەستەواژەی (بەڵێ، نەخێر) یان (راست، هەڵە) بۆ ئەمانەی خوارەوە دابنێ، یان وەڵامی ئەمانەی خوارەوە بدەرەوە . بۆ نموونە: وشەی مامۆستا ناوێكی دوو لایەنە (بەڵێ، نەخێر) یان (راست، هەڵە).

٣ –ڕاست و هەڵەی ئەمانەی خوارەوە دیاری بكە و هەڵەكانیش ڕاست بكەرەوە. بۆ نموونە: (هێمن)ی شاعیر لە ساڵی ١٩٧٦ز كۆچی دوایی كردوە.

٤ – ڕاست وهەڵەی ئەمانەی خوارەوە دەستنیشان بكە. پاشان بێ دەستكاری هێل لە ژێردراوەكان هەڵەكانیش ڕاست بكەرەوە.

بۆ نموونە: تاقیكردنەوەی وتاری بۆ قۆناغی سەرەتایی زۆر گونجاوە.

٥ - ئەو وشەو دەستەواژانەی خوارەوە كە هێلیان لە ژێردراوە هەڵەن و ڕاستیان بكەرەوە. كۆی ئەو ڕگانەی بەم شێوەیە دەهێنرێنەوە پێویستە هەڵە بن، نابێت راستیان تێدا بێت بۆ ئەوەی فێرخواز سەری لێ نەشێوێت و هەڵە نەكات. بۆ نموونە: ئەگەر سێگۆشەیەك درێژی لاكانی یەكسان بوو ئەوا سێگۆشەیەكی سێ لا جیایە.

## **لایەنە باشەكانی پرسیارەكانی راست و هەڵە:**

١ –كاتێكی كەمتری پێویستە بۆئامادەكردنیان.

٢ – بەئاسانی هەڵەچنی دەكرێت ، پێدانی نمرەش بابەتیانە دەبێت.

٣ – دەتوانرێت گشتگیری بەبابەتەكان بدرێت لەزۆربەیان پرسیار بهێنرێتەوە.

٤ – پێویستی بەتوانای نوسین وگوزارشت کردن نیە بەئاسانی وەڵام دەدرێتەوە.

٥ – فێرخواز پێویستی بەکاتێکی کەمترە بۆ وەڵامدانەوە.

**لایەنە خراپەکانی:**

١ – چانسی خەملاندن بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە (٥٠%).

٢ – دیاردەی گواستنەوەی زانیاری لەهۆڵەکانی تاقیکردنەوە لەنێو فێرخوازان ئاسانە.

٣- هانی لەبەرکردن بێ تێگەیشتن دەدەن، لایەنی بیرکردنەوەی فێرخواز لاواز دەکات.

٤- لەتوانای دایە کە بەزۆری ئاستەکانی یادکردنەوە و ناسینەوە پێوانە بکات.

**چوارەم/ بەیەك گەیاندن یان جووتکردن:** بریتییە لەو جۆرە پرسیارانەی کە پشت بەهەڵبژاردنی (زانیاری، چەمكێك، زاراوەیەك.... هتد) لە چەند دانەیەك دەبەستێت، کە بەشێوەی دوو لیست دەخرێتە بەردەم فێرخواز، لیستی سەرەکی، کە (پێشەکییەکان)ی پێدەوترێت چەند رەگەز و زانیاریەك تێدا دەخرێتە ڕوو، لیستی دووەم کە (جێگرەوەکان)ی پێدەوترێت چەند وەڵامێك لەخۆ دەگرێت، کە گونجاو و جووتن لەگەڵ لیستی یەکەم، کە بەشێوەی ستونی دەخرێنە ڕوو، داوا لە فێرخواز دەکرێت کە چەمك و زانیاریەکانی لیستی یەکەم بە دووەم بگەیەنێت یان وەڵامێکی گونجاو بۆ لیستی یەکەم لە دووەم دیاری بکات.

ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ هەڵسەنگاندنی ناسینەوە و ئەو زانیاریانەی کە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە و بەیەکتری تەواو دەکەن گونجاوە. وەك: (پێناسە و چەمکەکان)، (کەسایەتی و بەرهەمەکانیان یان داهێنانەکانیان)، (رووداو و مێژوو)، (دەوڵەت و پایتەختەکەیان)، (وشە و

هاوواتاکەی)، (ناوی توخم و شێوەی کیمیاوی)، (شوێنی جوگرافی و تایبەتمەندیەکەی)، (وشە و ماناکەیان).

**لایەنە باشەکانی پرسیارەکانی بەیەك گەیاندن یان جووتکردن:**

١ – کەمتر بواری خەملاندن بە فێرخواز دەدرێت.

٢ – پێویستی بە بیرکردنەوە و ئاستێکی گونجاو هەیە بۆ دۆزینەوەی وەڵامی ڕاست و بەیەك گەیاندنیان .

٣ – بەئاسانی بابەتیانە هەڵەپری دەکرێت .

٤ – دانانی ئەم جۆرە پرسیارانە ئاسانترە وکاتی کەمتری دەوێت بۆ ئامادەکردن و هەڵەپرینی لە پرسیارەکانی هەڵبژاردن.

**لایەنە خراپەکانی**

١- ئەگەر فێرخواز لە بەیەك گەیاندنی دانەیەك هەڵە بکات ئەوا یەکێکی تریشی دەبێتە هەڵە.

٢ – ئامادەکردنی پێویستی بە دوو لیست هەیە، بۆیە دەبێت زانیاریەکان زۆر لەیەکەوە نزیك و پەیوەندیان بەیەکەوە هەبێت.

٣ – بۆ زۆر بابەت گونجاو نییە.

٤ – ناتوانرێت بەهۆیەوە گشتگیری بە بابەتەکان بدرێت.

**پێنجەم/ دووبارە داڕشتنەوە یان رێکخستن و ریزکردن:** بریتین لەو جۆرە پرسیارانەی، کە بە شێوازێکی گونجاو یان هەڵە ریز دەکرێن یان دادەنرێن، داوا لە فێرخواز دەکرێت بەشێوەیەکی راست و مەنتیقی جارێکی تر رێکیان بخاتەوە، ئەویش بە پێی جۆری و زانیاریی پرسیارەکە. بۆ نمونە

– ئەم ژمارانە لەبچوکەوە بۆ گەورە ریز بکە:

(٥٦، ٨٩ ، ٣١، ٧٦، ٤٥، ٣٧، ١٠٢، ٦٠، ٢٣، ٦٩، ٩٦).

– ئەم ڕستانە بەشێوەیەکی ڕاست ریًك بخەرەوە:

أ- زەرەرتان ، هەستن ، میللەتی ، لەخەو ، کورد ، خەو.

ب – جوانی ، ژیان ، بە ، دەبەخشێت ، خۆشەویستی.

**<u>لایەنە باشەکانی پرسیارەکانی دووبارە دارشتنەوە یان ڕێکخستن و ریزکردن:</u>**

١- دەتوانرێت خەسڵەتی گشتگیری بە پرسیارەکان بدرێت.
٢- لەکاتی هەڵەپریندا ئارەزوو ویستی مامۆستا ڕۆڵی نییە وکاتێکی کەمی دەوێت.
٣- جوان نووسی و ڕەوانبێژی و رازاندنەوەی وشە هیچ رۆلێکی نییە.
٤- وەڵامی ئەم پرسیارانە ڕوون وئاشکران و بوار بە فێرخواز نادات بە ئارەزووی خۆی شت بنوسێت.
٥- لەکاتی هێنانەوەی ئەنجامەکان بۆ فێرخوازان نابێتە هۆی مشت ومڕ وگڵەیی.
٦- راستکردنەوەی ئاسانە و کاتێکی کەمی پێویستە.

**<u>لایەنە خراپەکانی:</u>**

١- ئامادەکردنی گرانە و تێچونی زۆرە لەڕووی کات و تواناوە.
٢- بەئاسانی دیاردەی گزیکردن و گواستنەوەی زانیاری لەناو فێرخوازاندا لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا ڕوو دەدات.
٣- توانای نووسین و دەربڕینی فێرخواز لاواز دەکات.
٤- تەنها پێوانەی بەیادهاتنەوە و تێگەیشتنەوە دەکات.
٥- جیاوازی تاکایەتی فێرخوازان دەرناکەوێت.

**سێیەم: تاقیکردنەوەی کرداری (جێبەجێکردن):**

بریتیە لەو تاقیکردنەوانەی، کە تواناو کارامەیی فێرخواز لە بواری کرداریدا تاقیدەکرێتەوە، بەمەبەستی زانینی ئاستی هەندێ لایەنی هونەری و جێبەجێکردن، کە بەتاقیکردنەوەکانی زارەکی و نوسینەکی

پێوانە ناکرێن. ئەمەش لەڕێگای خستنەڕووی چەند پرسیارێك کە پێشتر بە شێوەی تیۆری زانیاری لەسەریان وەرگرتووە، داوا لە فێرخواز دەکرێت بەشێوەی کردارەکی پراکتیزەی چالاکییەك بکات لە کاتێکی دیاریکراودا، دەکرێت بە یەکێك لە جۆرەکانی کارامەیی تاقیبکرێتەوە، کە بریتیین لەکارامەیی ژیری و کۆمەلایەتی و دەرونی جوڵەیی. هەرچی کارامەیی ژیرییە وەك ئەنجامدانی چالاکیەك لە سەر توانای ژیری وەستا بێت، بۆ نموونە: ڕێکخستنی خشتەیەك بۆکۆکردنەوەی داتا و زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو یان ئامادەکردنی نەخشەو بەکارهێنانی هێڵی بەیانی. مەبەستیش لە کارامەی کۆمەڵایەتی یان لێهاتوویی بەیەکەوە بەستنەوە وگەیاندن توانای دەربڕینی زارەکی و وتاردان و گفتوگۆ و قسەکردن بە زمانی بیانی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵك و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەلایەتیدا، هەرچی کارامەی جولاوییشە بۆ نموونە، وەك کارکردن بە ئامێر و بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئەنجامدانی چالاکی کرداری.

## بوارەکانی بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی کرداری:

١- بۆ بواری بابەتە زانستییەکانی وەك فیزیا و کیمیا و زیندەوەرزانی و تاقیگە و چالاکیە وەرزشیەکان و مۆسیقا و هونەری شێوەکاری و وێنەکێشان و شانۆ و نەخشە و کۆمپیوتەر.

٢- لەبواری ڕاهێنانی پیشەیدا، وەك: بەشەکانی کارەبا و کشتوکاڵ و پیشەسازی و... هتد. کە بەشێکی زۆری ئەمانە هەڵسەنگاندنیان لەسەر ئەم لایەنەیە بەمەبەستی گواستنەوە لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، بەشێوەیەك کە بابەتەکانیان کردارەکین نەك تیۆری.

٣- لە بواری فێربوونی زمانە بیانیەکان، کە وەك مەرجی دەرچوون دیارکراون لە هەندێ بەش و کۆلێژدا.

٤- ئەو بوارانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە کۆمەڵگەوە هەیە، لە نموونەی کۆلیژەکانی پزیشکی و ئەندازیاری و هەتا کۆلیژەکانی پەروەردە

و پەروەردەی بنەڕەتی، کە ئەرکیان ئامادەکردنی کردارەکی مامۆستایە بۆ پرۆسەی پەروەردە.

## خەسڵەتە باشەکانی تاقیکردنەوەی کرداری:

١- پێوانەی رادەی تێگەیشتنی قوتابیان دەکات لە خوێندنی تیۆری و چۆنییەتی جێبەجێکردنی بەشێوەی مەیدانی و پراکتیکی.

٢- پێدانی کارامەیی لێکهاتوو بە قوتابیان. وەك فێربوونی (موزیك و وێنەکێشان و.. هتد)

٣- لێهاتوویی بە قوتابی دەبەخشێ و فێری پیشەیەکی دیاریکراو دەکات.

٤- توانای دەربرینی زارەکی و ووتاردان و گفتوگۆ و قسەکردن بە زمانی بیانی و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵا خەڵك و خۆگونجاندن لەگەڵ ژینگەی کۆمەلایەتیدا پێوانە دەکات.

## خەسڵەتە خراپەکان:

١- پێویستی بە کاتی زیاترە بۆ ئەنجامدانی و دیاریکردنی ئاستی ئەداو بەراوردکردنی نێوان فێرخوازان.

٢- لەهەندێ جۆریاندا، کارێکی گرانە.

٣- لەکاتی جێبەجێکردنی مەترسی ڕودانی ڕوداوی ناخۆش و نەخوازراوی لێدەکەوێتەوە.

٤- تێچووی ماددی زۆرە.

# بەشی سێیەم:

# هەڵسەنگاندن

### ✓ هەڵسەنگاندن (التقویم) (Evaluation):

چەمکی هەڵسەنگاندن جیاوازە لە هەردوو چەمك و زاراوەی پێوانەکارو پێوانەکردن، لەبەر ئەوەی هەڵسەنگاندن بەرفراوانترو سەرتاسەریترە و هەردوو چەمکی پێوانەکردن و پێوانەکاریش لەخۆ دەگرێت. واتە یەکەم جار دەبێت تێست و پێوانەکار ئامادە بکرێت، دواتر لە رێگەی ئەو تێست و پێوانەکارەوە زانیاری و داتا کۆدەکرێتەوە و پرۆسە پێوانەکردن بە ئەنجام دەگەیەنرێت، دواتر بڕیار لەسەر ئەو ئەو زانیاری و داتایانە دەدرێت و لەبەر رۆشنایی پێوەری (معیار) تایبەتی هەڵدەسەنگێندرێن.

لەلایەنی زمانەوانییەوە هەڵسەنگاندن بەمانای راستکردنەوە یان چاکسازی دێت، کاتێك لە رێچکەی راست، لادان هەبێت. یان بە مانای نرخدان بە شتێك، بڕیاردانێکی گونجاوە بەسەر نرخی شتێك دا دوای پێوانەکردن.

لەلایەنی زاراوەییەوە، کردارێکی رێکخراوەییە، کە پیاهەڵدان (وەسف) بە بڕو جۆرو بڕیاردان و چاکسازی لەخۆ دەگرێت.

کەواتە هەڵسەنگاندن، پرۆسەیەکە، ئامانج لێی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە، بەمەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەیان بۆ بڕیاردان لەسەر رادەی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی ئەنجامدانی و پێشخستن و چاکسازی.

### ✓ هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی

هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی کردارێکی رێکخراوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر رەهەندەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و شیتەڵکردنیان، بەمەبەستی دیاریکردنی پلەی جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان و پریاردان و چاکسازی لایەنە لاوازەکان و گەشەپێدانی ئەم بوارە لە پێناوی دووبارە رێکخستنەوەی ژینگەی پەروەردەیی و دەوڵەمەندکردنی.

بە بۆچوونی (سۆرندایك) وا پێناسەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی کردووە: بریتییە لە دەرکردن و وەرگرتنی کۆمەڵێك پریار دەربارەی سەرکەوتنی فێرخواز و پێشکەوتنی لە خوێندن.

بەڵام (گرۆنلاند) لەو پروایەدایە کە: هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بریتییە لە پرۆسەیەکی رێکخراو، بۆ دیاریکردنی رادە و چەندییەتی سوود وەرگرتنی فێرخواز لەو ئامانجە پەروەردەییانەی کە پێشتر دانراون.

## مەبەستی سەرەکی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لە بواری پەروەردەدا، بریتییە لە:

١- پریاردان لەسەر مەوداو ئاستی گونجاندنی پرۆگرام بۆ فێرخوازەکان.
٢- دیاریکردن و دەست نیشانکردنی لایەنە بەهێزو لاوازەکانی پرۆگرام.
٣- دیاریکردن و زانینی خاڵە بەهێزو لاوازەکانی فێرخواز.
٤- هەڵسەنگاندن یارمەتی مامۆستا دەدات کە توانا و حەزوو ئارەزوو و ئامادەباشییەکانی فێرخواز بدۆزێتەوە.
٥- هەڵسەنگاندن یارمەتیدەری مامۆستایە، تا لە رێگەیەوە خۆی بناسێت و هەست بە خاڵە بەهێزو لاوازەکانی رێگا و شێوازەکانی وانە وتنەوەی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ فێرخواز بکات، بۆ ئەوەی دووبارە پێداچوونەوەیەك بۆ رێگا و شێوازەکانی وانە وتنەوەی و پەیوەندییەکانی بکات و لەبەر رۆشنایی هەڵسەنگاندنەکەوە پیایاندا بچێتەوە.

پێوانەکردن پێش هەڵسەنگاندنە و دەبێت بە بنەما بۆی، واتە کاتێك مامۆستا لە رێگەی تاقیکردنەوەوە، توانا و لێهاتوویی فێرخواز دەپێوێ و دواتر دەرئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەگۆرێ بۆ (دەرچوو، دەرنەچوو، لاواز،

مام ناوەند، باش، زۆرباش، نایاب، ....هتد). مانای وایە پڕیاریدا و لە رێگەی ئەو نمرە و دەرئەنجامەوە هەڵسەنگاندنی بە ئاکام گەیاند.

لەگەڵ ئەوەی یەکێك لە خەسڵەت و رەهەندەکانی هەڵسەنگاندن پڕیاردانە، بەڵام هەڵسەنگاندن سەرەڕای پڕیاردان، چاککردن و گەشەکردنی دیاردەکانیش لەخۆ دەگرێت، واتە هەر بە پڕیاردان ناوەستێت، بەڵکو لە هەوڵی چاککردن و بەهێزکردنی خاڵە لاوازەکانی فێرخوازە، سەرەڕای گەشەپێکردنی زیاتری خاڵە بەهێزەکان، ئەویش لە رێگەی دانانی پرۆگرام و بەرنامەی چاکسازی.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە، مەرج نییە هەموو کات هەڵسەنگاندن پشت بە ئەزموون و تاقیکردنەوە و پێوانەکردن ببەستێت. واتە زۆرجار پشت بە زانیاری و داتای کۆکراوە دەبەستێت، کە لە رێگەی ئەزموون و تێست و تاقیکردنەوە و پێوانکارەوە، دەست کەوتوون، بەڵام جاری واش هەیە مامۆستا دەتوانێت لە رێگەی ئامرازو شێوازەکانی وەك سەرنجدانەوە، زانیاری لەسەر هەندێك فێرخواز کۆ بکاتەوە و دواتر پڕیار بدات بەوەی، کە چەند خوێندکارێك چالاکن و چەند قوتابییەکی دیکەش سست و لاوازن، یان پاڵنەریان بۆ خوێندن بەرزە یان مامناوەندن یان لاواز.

## بایەخ و سوودی پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ رەگەزەکانی پەروەردە و فێرکردن:

یەکەم/ بایەخ و سودی پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ فێرخواز:

١- ئامرازێکی گرنگە بۆ فێرخوازان، کە بەهۆی جۆرە جیاوازەکانی تاقیکردنەوەکان هەست بە ئاستی گەشەکردنی زانستی و لێهاتوویەکانی خۆیان بکەن.
٢- بەئاگاداربوون لەئاستی گەشەو لێهاتویان باوەر بە خۆبوونیان لا دروست دەکات.
٣- میکانیزمی دەرخستنی جیاوازی تاکایەتییە.
٤- دەرخستنی ئاستی لاوازی بەشێکیان لە بابەت و وەرزێکی خوێندن، هانیان دەدات هەنگاو بەرەو چاکسازی بنێن.

دووەم/ بایەخ و سودی پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستایان:

١- یارمەتیدەرێکی گرنگە بۆ مامۆستایان بە مەبەستی زانینی ئاستی هاتنەدی ئامانجە گشتی و تایبەتیەکان.
٢- رادەی سەرکەوتوویی و شکستی رێباز و شێوازەکانی وانە گوتنەوە و ئامرازەکانی فێرکردن دەخاتە روو.
٣- ئامرازێکی گرنگ و سەرەکییە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی فێرخوازان و ئاراستەکردنیان بەرەو باشتر.
٤- هۆکارە بۆ دەستنیشانکردنی ئاست لاواز و بیرکۆڵ و کێشە و گرفتە دەروونیەکان، کە کاریگەری دەکەنە سەر ئاستی فێربوون و تێگەیشتنیان.

سێیەم/ بایەخ و سودی پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ کارگێری خوێندنگاکان:

١- کاریگەری ژینگە و گونجاوی بینا و هۆڵ و خوێندنگاکان لەسەر پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن دەردەخات.
٢- یارمەتیدەرە بۆ دانانی پلانی وەرزی و ساڵانە و پێداچونەوە بەکارو چالاکیەکانی تایبەت بە خوێندنگا و رێکخستنی ژمارەی فێرخوازان .

٣- یارمەتیدەرە بۆ بەراوردکردنی ئاستی بەرەوپێشچوونی و دەست نیشانکردنی گرفت وکێشەکان ودۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆیان ، بەراوردکردنی ئەنجامی ساڵێك بۆ ساڵ و وەرزێکی تر و خوێندنگاکانی تر.

٤- هەر لەم رێگەیەوە دەتوانرێت دەستنیشانی ئەو فێرخوازانە بکرێت کە گرفتێکی دەرونیان هەیە بەمەبەستی چاودێریکردن وهاوکاریکردنیان. لەهەمان کاتدا ئامرازە بۆ دەستنیشانکردنی لێهاتوو و بەتواناکان بۆ خستنەگەری لێهاتوویان و هاندان و پشتگیریکردنیان لە پێشبرکێ و چالاکیە کرداری و زانستیەکاندا.

چوارەم/ بایەخ و سودی پێوانە و هەڵسەنگاندن بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن:

١- ئامرازێکە بۆ درك کردن بە کەموکوریەکانی پرۆگرامەکانی خوێندن و دەست نیشانکردنی لایەنی باش و خراپەکانیان بە مەبەستی چارەسەرو ئەنجامدانی گۆرانکاری تیایاندا.

٢- بەهۆی وانەگوتنەوە و پراکتیزەکردنی ناوەرۆکی پرۆگرامەکان لەلایەن مامۆستایانەوە، ئاستی گونجاوی و نەگونجاویان دەردەکەوێت بۆ قۆناغێك یان ئاستێکی ژیری دیاریکراو.

٣- هەڵسەنگاندنێکی زانستی و راستگۆیانەیە بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن .

## جۆرەکانی هەڵسەنگاندن ( انواع التقويم )

دەتوانین بە پێی کات و ئامانج و مەبەستی هەڵسەنگاندن جۆرەکانی هەڵسەنگاندن، بەم شێوەی خوارەوە دیاری بکەین:-

### یەکەم: هەڵسەنگاندن بەپێی کاتەکەی:

### ١- هەڵسەنگاندنی سەرەتایی (التقويم التمهيدی) ( Initial Evaluation):

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە، لە سەرەتای پرۆگرام و خول و وەرشە و کارەکاندا دەبێت، بۆ ئەوەی لەو رێگەیەوە توانا و ئاستی فێرخواز یان بەشدار بوو دیاری بکرێت. سوودەکانی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە ئەوەیە، کە دەتوانین بە پێی لێهاتوویان بەسەر گروپ و پۆلەکاندا دابەشیان بکەین، سەرەرای ئەوەش بزانین لە کوێوە دەست پێبکەین و بابەت و زانیاریەکان بە پێی توانا و لێهاتوویان ئامادە بکەین، هەروەها دوای پێدانی بەرنامە و پرۆگرامەکە و تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنیان، دەتوانین دەرئەنجامەکە بە دەرئەنجامی ئەم هەڵسەنگاندنە بەراورد بکەین، بۆ ئەوەی بزانین تا چەند ئەو بەرنامە و پرۆگرامە کاریگەری هەبووە و فێرخواز و بەشداربووەکان سوودیان وەرگرتووە.

بۆ نموونە کاتێك خولێکی کۆمپیوتەر یان زمانی ئینگلیزی دەکرێتەوە و دەیەها کەس داواکاری پێشکەش دەکەن، ئا لەو کاتەدا ناتوانرێت بەبێ هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ئەو کەسانە پۆلین بکرێن، بەڵام کاتێ ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەیان بۆ دەکرێت ئەوە بۆمان دەردەکەێت کە هەندێکیان زانیاریان زۆر کەمە، بەڵام هەندێکی تریان مام ناوەندی و ئەوانەی تر زۆر باشن، لەو کاتەدا دەتوانین دابەشیان بکەین بەسەر سێ گروپدا (گروپی سەرەتایی – گروپی مام ناوەندی – گروپی باڵا).

### ٢- هەڵسەنگاندنی پێکهێنەر (بونیادی) (بەردەوام) (التقويم البنائی) (Formative Evaluation):

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە هاوشانی پرۆسەی فێرکردنە و هەر لە یەکەم هەنگاوی فێرکردنەوە تا کۆتایی کۆرس یان وەرز و ساڵەکە بەردەوام دەبێت. واتە بەردەوام مامۆستا لە ماوەی کورت کورتدا (دوای هەر وانەیەك بێت یان دوای هەر بابەت و یەکەیەکی خوێندن بێت) هەڵسەنگاندن بۆ فێرخوازەکان دەکات، بۆ ئەوەی بزانێت تا چەند سوودیان لە بابەتەکە وەرگرتووە، سەرەڕای دیاریکردنی خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان. لەلایەکی دیکەوە سوودبەخشە بۆ مامۆستا، بۆ ئەوەی چاو خشاندنەوەیەك بە ڕێگا و شێوازی وانەوتنەوەی خۆی بکات. هەروەها بۆ قوتابیش بەسوودە بۆ ئەوەی چاوخشاندنەوەیەك بە پلانی و ڕێگای فێربوون بکاتەوە.

## ٣- هەڵسەنگاندنی کۆتایی ( کۆکراوەیی ) ( التقويم الختامی او التجميعی) (Summative Evaluation):

ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی هەموو کۆرس و وەرز و ساڵێکدا بە ئاکام دەگەیەنرێت، مەبەستی سەرەکی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە وەرگرتنی بریارە دەربارەی گواستنەوە و دەرچوونی فێرخواز لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر یان مانەوەی لە هەمان قۆناغ، واتە کاتێك ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە لە کۆتایی ساڵ یان کۆتایی وەرز دەکرێت ئەوا بریار دەدرێ لەسەر چارەنووسی ئەم فێرخوازە پریاردەدرێت بە دەرچوون یان دەرنەچوون، بەڵام لە هەڵسەنگاندنی بونیاد و پێکهێنەر پریار لەسەر چارەنووسی فێرخواز نادرێت، واتە ئەگەر دەریش نەچێت ئەوا بۆی هەیە خۆی چاك بکات دووبارە هەوڵ بدات و لە تاقیکردنەوەکانی تردا دەربچێت.

لە هەڵسەنگاندنی کۆتاییدا خاڵە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرام و کاریگەری مامۆستای باش یان خراپ دەردەکەوێت و دەتوانین لە ڕێگەیەوە پریار لەسەر باش و خراپی پرۆگرامەکانی خوێندن و بەهێزی و لاوازی مامۆستا و ئامرازەکانی ڕوونکردنەوە و فێربوون بدەین، هەروەها لە دەرئەنجامی ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا پروانامەی دەرچوون بە فێرخواز بدرێت.

## دووەم: هەڵسەنگاندن بەپێی سەرچاوە (مەرجەع):

### ١-هەڵسەنگاندنی پێوەری (التقويم المعياري المرجع) ( Norm Referenced Evaluation):

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا، بەپێی پێوەری تایبەتی کە بە زۆری ناوەندی ژمێرەیی (الوسط الحسابی)یە، بڕیار لەسەر کار و چالاکی و بەرهەمەکانی تاك دەدرێت، واتە کاتێك تاقیکردنەوە و ئەزموون بۆ کۆمەڵێك فێرخواز دەکرێت و هەریەکیان نمرەی خۆی وەردەگرێت دواتر هەموو نمرەکان کۆدەکرێنەوە و دابەشی سەر ژمارەی فێرخوازەکان دەکرێت دەرئەنجامی ئەم دابەش کردنە دەبێت بە ناوەندی ژمێرەیی (پێوەر) بۆ هەموو نمرەکانی تر، واتە لە رێگای ئەو پێوەرە (ناوەندی ژمێرەیی) بڕیار لەسەر ئاست و باش و خراپی فێرخوازەکانی تر دەدەین.

ئینجا ئەوانەی کە نمرەکانیان یەکسان بێت بەو پێوەرە ( ناوەندی ژمێرەیی ) ئەوا دەڵێین مام ناوەندین، بەڵام ئەوانەی کە نمرەکانیان لە خوار ئەو پێوەرە بێت ئەوا بڕیار دەدەین و دەڵێین ئاستی چالاکی و کارەکانیان لە خوار ناوەند و ناوەڕاستەوەیە لە کاتێکدا ئەوانەی نمرەکانیان لە سەر و ئەو پێوەرەوە بێت، بڕیار دەدەین و دەڵێین ئاستی ئەو کەسانە لەسەرو ناوەند و ناوەراستەوەیە، بۆ نموونە: کاتێك مامۆستا دە (١٠) فێرخواز تاقی دەکاتەوە و لە رێگەی کۆمەڵێك پرسیارەوە ئاستی تێگەیشتنیان هەڵدەسەنگێنی و دواتر ئەو دە( ١٠ ) فێرخوازە ئەم نمرانە وەردەگرن:

{ ٦٠ ، ٨٠ ، ٦٩ ، ٥٨ ، ٤٠ ، ٦٥ ، ٧٠ ، ٩٠ ، ٩٣ ، ٨٥ } دوای کۆکردنەوەی هەموو ئەو نمرانەی کە دەکاتە ( ٧١٠ )، دوای ئەوە کۆی ئەم ژمارانە دابەشی ژمارەی فێرخوازەکان دەکەین { ١٧٠ ÷١٠= ٧١ }، ئەو کاتە بۆمان دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەیی یەکسانە بە ( ٧١ ) ئەم ژمارەیە دەبێت بە پێوەر و سەرچاوە (مەرجەع ) بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەو ( ١٠ ) فێرخوازە و دەڵێین:-

فێرخوازی ژمارە ٣ ، ٧ نزیکە لە مام ناوەندیەوە، بەڵام ئاستی فێرخوازەکانی ژمارە ١ ، ٤ ، ٥ ، ٦ لە خوار مامناوەندیەوەن. فێرخوازەکانی ژمارە ٢ ، ٨ ، ٩ ، ١٠ لەسەرو مام ناوەندیەن، کەواتە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا پشت بە پێوەر دەبەسترێت و لە رێگەیەوە ئاست و توانای و لێهاتووی فێرخواز دیاری دەکرێت و دواتر بە هاوپۆل و هاوتەمەنەکانی خۆیان بەراورد دەکرێن. ئەم پێوەرەش پشت بە نمرەی سەرجەم فێرخواز و تاکەکانی ئەو گروپە دەبەستێت.

شایانی ئاماژە بۆ کردنە کە زۆربەی تاقیکردنەوەکانی خوێندنگا و قوتابخانەکان و زیرەکی پێ و کەسایەتی پێوەرەکان، لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەیە، لەبەر ئەوەی پشت بە پێوەری تایبەتی دەبەستێت و لە رێگەی ئەو پێوەرەوە هەڵسەنگاندن دەکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە بە ( هەڵسەنگاندنی پێوەری ) ناو دەبرێت.

## ٢-هەڵسەنگاندنی مەرجی و سەنگی (التقويم المحكى) (Criterion Referenced Evaluation):

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا، هەر لە پێشەوەو لە سەرەتاوە سەنگ و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەتی دیاری دەکرێن و دواتر ئاست و بەرهەم و چالاکیەکانی تاك بە ئەو مەرج و( مەحەکە ) بەراورد دەکرێت و لە رێگەی ئەو مەرج و سەنگ و ( مەحەکە )ەوە هەڵسەنگاندن دەکرێت. واتە هەر لە یەکەم جار و پێش تاقیکردنەوە و ئەزموونەکە ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەت دادەنرێت و دەبێت ئەو کەسە بگاتە ئەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە ) ئینجا بە سەرکەوتوو دادەنریت.

بۆ نموونە مامۆستای زمان کاتێك فێرخوازەکانی تاقی دەکاتەوە هەر پێش تاقیکردنەوەکە ئاست و مەرج و ( مەحەکی ) تایبەتی بۆ فێرخوازەکان دادەنێت دەڵێت دەبێت فێرخواز بە سەرکەوتووانە مانای ( ٩٠ ) وشە لە کۆی ( ١٠٠ ) وشە بزانێت. واتە لێرەدا ( ٩٠ ) نەوەد وشە مەرج و سەنگ و ( مەحەکە ) بۆ سەرکەوتن و دەرچوونی فێرخوازەکان.

ئینجا ئەگەر هەر فێرخوازێك بە سەرکەوتووانە ماناى ( ٩٠ ) وشەى زانى و گەیشتە ئەو مەرج و ئاست و سەنگ و ( مەحەکە )ى مامۆستا دایناوە، ئەوا بەسەرکەوتوو دادەنرێ، بەڵام ئەو کەسەى کە تەنها ماناى ( ٨٩ ) وشە یان کەمتر دەزانێ لەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە )ى مامۆستا دایناوە، ئەوا بە دەرنەچوون لە قەڵەم دەدرێت، لەوانەیە هیچ کەس نەگاتە ئەو مەرج و ئاستە و ماناى ( ٩٠ ) وشە نەزانێ تەنها ماناى ( ٨٧ ) وشە بزانى پێش هەموو هاوڕێکانى بکەوێ، بەڵام هەر بە سەرنەکەوتوو و دەرنەچوو وەك هاوڕێکانى ترى لە قەڵەم دەدرێ. لەبەر ئەوەى نەیتوانیوە بگاتە ئەو ئاست و مەرج و ( مەحەکە )ى مامۆستا هەر لە سەرەتاوە پێش تاقیکردنەوەکە دایناوە. هەرچەندە یەکەمى هاوڕێ و هاوتەمەنەکانیەتى، چونکە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنە پشت بە پێوەر و ناوەندى ژمێرى گروپەکە نابەسترێت، بەڵکو پشت بە ئاست و مەرج و ( مەحەکى ) پێش وەختەى نەگۆر دەبەستێت . کەواتە لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا چالاکى و وەڵامەکانى فێرخواز بە چالاکى و وەڵامەکانى هاوڕێ و هاوتەمەنەکانى خۆى بەراورد ناکرێت، بەڵکو چالاکى و وەڵامەکانى بە ئاست و مەرج و (مەحەکى) نەگۆڕو دیاریکراو کە پێش ماوەیەك دیاریکراوە بەراورد دەکرێت و دواتر بڕیار دەدرێت و هەڵسەنگاندنى بۆ دەکرێ.

## نرخاندن (بەها پێدان) (تقییم) چییە؟

زاراوەى نرخاندن (التقیم)، بریتییە لە: پێدانى نرخ یان بڕیاردان لەسەر ئەو شتەى یان ئەو دیاردەیەى کە بەپێى پێوەرێکى دیاریکراو پێوانەکراوە، بە پەسەندکردنى یان ڕەتکردنەوەى. یان بریتییە لە وەسفکردنى (وێناکردنى) شتێك لە رووى جۆرایەتییەوە، کە پرۆسەیەکى بەرتەسکترە لە هەڵسەنگاندن و بەرفراوانترە لە پێوانەکردن. ئەرکى کۆکردنەوەى زانیارییە لەسەر تاك لە ڕێگەى بەکارهێنانى ئامرازى جۆراوجۆر، بەمەبەستى ئامادەکارى بۆ دەرکردنى بڕیار و حوکمدان لەسەر خەسڵەتەکان.

(نرخاندن = وەسفی پر + وەسفی جۆر + پریاردان).

لە بواری پەروەردە و فێرکردندا، بەدوای هەردوو کرداری پێوان و نرخاندن، هەڵسەنگاندن دێت. کە لە هەردوو کردارەکەی دیکە فراوانترە و نابێت فەرامۆش بکرێت، چونکە بەهۆی ئەم کردارەوە تەواوی پرۆسەکە هەڵدەسەنگرێت و خاڵە بەهێزو لاوازەکانی دەخێنەڕوو، پاشان هەنگاو بۆ بەرەو پێشبردن و گەشەکردنیان دەنرێت.

کەواتە ئێمە کاتێك پرۆسەی نرخاندن (بەهاپێدان) بە ئەنجام دەگەیەنین، ئامانجمان دیاریکردنی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی فێرخوازە، بەڵام کاتێك هەڵسەنگاندن دەکەین، مەبەستمان پریاردان و دانانی رێگا چارەی گونجاوە بۆ چاککردن و بەهێزکردن و راستکردنەوەی رەفتارە لاوازەکان، کەواتە هەڵسەنگاندن بەرفراوانتر و سەرتاسەریترە و تەنها مەبەست لێی پریاردان و بەهاپێدان نییە، بەڵکو چاککردن و گۆڕانکاریکردنیش لەخۆ دەگرێت.

# بەشی چوارەم:

# هەنگاوەکانی ئامادەکردنی تاقیکردنەوە

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن:

یەکەم: دیاریکردنی مەبەستی تاقیکردنەوەکە:

دووەم: دیاریکردنی ئامانجەکانی تاقیکردنەوەکە.

سێەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە یان بەشە پرۆگرامی خوێندراو.

چوارەم: ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی.

پێنجەم: ئامادەکردن و داڕشتنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

شەشەم: ریزبەندکردنی پرسیارەکان و پێداچوونەوەیان.

حەوتەم: جێبەجێکردن و ئەنجامدان.

_ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _

## یەکەم: دیاریکردنی مەبەستی تاقیکردنەوەکە:

ئەنجامدانی تاقیکردنەوە هەر خۆی کردارێکی مەبەستدارە، بەڵام بەپێی ویست و مەبەستی مامۆستا لە ئەنجامدانی شێوازەکەی دەگۆڕێت، کە پێویستە لە هەنگاوی یەکەم یەکلایی بکاتەوە کە مەبەستییەتی دەستکەوتیساڵی خوێندن دەستنیشان بکات، بەمەبەستی بڕیاردان و گواستنەوەی فێرخواز بۆ قۆناغێکی نوێ، یان دەیەوێت ئاست و گرفتی فێرخوازەکانی بزانێت تا چەند لە بابەتێك تێگەیشتوون و کێشە و گرفتیان چییە؟ تا هەنگاو بۆ چارەسەریان بنێت، یان دەیەوێت پێداچوونەوە بە بابەتی خوێندراوەکاندا بکات وەك جۆرێك لە بەبیرهێناوە (فیدباك)، یان

مامۆستا مەبەستییەتی توانای داڕشتن و دەرپڕینی فێرخوازەکانی تاقیبکاتەوە بە تاقیکردنەوەیەکی نووسینەکی لە جۆری وتاری...هتد، هەریەك لەمانە شێوازو مەبەست و ئامادەکاری تایبەت بەخۆی هەیە.

## دووەم: دیاریکردنی ئامانجەکانی تاقیکردنەوەکە:

هەر بابەت و بڕگەیەك کە لە هەر پرۆگرامێکی خوێندن دانراوە، مەبەست و ئامانجێکی لە پشتە، کە لە کۆتایی کردەی فێربوون و فێرکردندا دەبێت بێنەدی. تاقیکردنەوەکانیش ئامرازێکی گرنگن بۆ زانینی ئاستی هاتنەدی ئامانجەکان. لەلایەکی دیکەوە داڕشتنی ئامانجەکانیش پێویستی بە چەند مەرجێك هەیە، لەوانە: ( پێویستە ئەو ئامانجانە شیاوی پێوانەکردن بێت، ورد و سادە و واقیعی بێت و لە ئاستی قۆناغەکە دابێت، دەبێت رەفتاری فێرخواز وەسف بکات، هەروەها هەڵقولاوی ناوەڕۆکی پرۆگرام بێت).

ئەوەی لەمبارەیەشەوە گرنگە، ئاشنابوونی مامۆستاییە بە ئاستی ئامانجە رەفتارییەکان، کە پێویستە شارەزایی تەواوی پێیان هەبێت و سەرباری جیاکردنەوەی ئاستەکان لە یەکتری، دەبێت ئەو چەمك و زاراوانەش بزانێت کە بۆ داڕشتنی پرسیار بۆ هەر ئاستێك پێویستی پێیەتی. ئەوەی تا ئێستاش بەربڵاوترین پۆلینە بۆ ئاستی ئامانجە رەفتارییەکان (مەعریفی و عەقڵییەکان) پۆلینەکەی (بنیامین بلۆم)ــە، کە شەش ئاستی بەشێوەی هەرەمی داناوە، کە لە نزمترین ئاستەوە کە (یادکردنەوەیە) بۆ بەرزترینیان کە (هەڵسەنگاندنە) دەستنیشانکردوە، کە بەرزترین ئامانج و توانستی عەقڵییە، کە هەریەکە لە ئاستەکان بە پێویستییەك و رێکخۆشکەری ئاستی دوای خۆی دادەنرێت. بێگومان ئەمانە بۆ دانانی پرسیاریش بۆ مامۆستایان سوودی زۆریان هەیە، بەمەبەستی رەچاوکردنی ئاستی ژیری و توانای تێگەیشتن و زانستیان و جیاوازی تاکایەتی، بەجۆرێك کە پرسیارەکان گونجاوبن بۆ ئاستە جیاوازەکان، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- بەیاد هاتنەوە: ئەم ئاستە بە نزمترین ئاستی ئامانجە رەفتاریەکان دادەنرێت، کە دەبێت فێرخواز لەم ئاستەدا توانای یادکردنەوەی زانیارییەکانی ڕابردووی هەبێت ئەوانەی فێریان بووە بە بیری بێنەوە، بناسێتەوە و جیابکاتەوە و دروست بکات و چۆنیەکی دروست بکات و ناسینەوەی چەمك و زاراوە و پێناسەکان و بیردۆزەکان...هتد بکات). لە نموونەی دەستەواژەکانی پرسیاری ئەم ئاستەش وەك: (کێ؟ چی؟ لە کوێ؟ کەی، بیانژمێرە، پێناسە بکە، چەندە؟.... هتد).

لە نمونەی ئەو پرسیارانە، وەك:

* مەم و زین شاکاری کێ یە؟

* پەستان بە چی دەپێورێت؟

* یاسای دۆزینەوەی ڕووبەری لاکێشە چییە؟

* ئەنجامی لێکدانی ( ٥ × ٣ ) =؟

کۆی ئەم دەستەواژانە بۆ ئەو جۆرە پرسیارانە بەکاردەهێنرێن وەڵامەکانیشیان کورتە و بەبیرکردنەوەیەکی کەم دێتەوە یاد، مەرجیش نییە مامۆستا بە شێوەی پرسیار پرگەکان دابرێژێت، بەڵکو بە هەر شێوەیەکی تر کە مەبەستیەتی ئەم ئاستە پێوانە بکات. وەك: پرسیاری ( راست و هەڵە ، هەڵبژاردن ، بۆشایی....هتد.) بۆ نموونە:

* ئەنجامی لێکدانی (٥ × ٢) = بە (٩ ، ١٢ ، ٨ ، ١٠).

* شاری سلێمانی لە ساڵی ............ دروستکراوە.

٢- تێگەیشتن: ئەم ئاستە کە لە یەکەم بەرزترە، دەبێت توانای تێگەیشتن لە بابەتەکەی هەبێت و بەشێوازێکی تر توانای داڕشتنەوە و کورتکردنەوەی هەبێت، سەرنج و ڕای خۆی لەسەر بدات و گوزارشت بکات.

دیارترین دەستەواژەکانی، وەك: (وەسف بکە، بەراورد بکە، باس بکە؟ هۆکاری چییە؟ پەیوەندی چییە؟ سودی چییە؟ ڕوونبکەوە؟ گفتوگۆ بکە، پۆلێن بکە؟).

لە نمونەی پرسیارەکانی، وەك:

* بەکورتی هۆکارەکانی پیسبوونی ژینگە ڕوونبکەوە؟

* بەراوردی نێوان دیاردەی هەڵکشان و داکشان بکە؟

٣- جێبەجێکردن یان ئەنجامدان: فێرخواز پێویستە توانای پراکتیزەکردنی یاسایەکی هەبێت، کە پێشتر خوێندویەتی و لەبەری کردوە لە چوارچێوەی بەش و بابەتەکانی داهاتوو یان لە ژیانی رۆژانەیدا توانای پیادەکردن و بەیەکەوە بەستنەوەی هەبێت، بخاتەگەڕ و وێنە بکێشێت و ئەنجام بدات.

دیارترین دەستەواژە بۆ ئەم ئاستە وەك: (ئەنجام بدە، بەکاربهێنە، بەڵگە بهێنەوە، دەستنیشان بکە، وێنە بکێشە، بنوێنە، ڕێکبخە، نموونە بهێنەوە، شیکار بکە، شیتەڵ بکە).

لە نموونەی پرسیاری وەك:

* نەخشەی عێراق بکێشەو ئەمانەی لەسەر دەستنیشان بکە ؟ ( دیجلە ، فورات، بیرە نەوتەکانی کەرکوك .....).

* هەنگاوەکانی شوشتنی دەست نوێژ بەدوای یەکدا ئەنجام بدە؟

* ئارام (٥٣) پێنووسی جۆراوجۆری هەیە، (٢١) لەو پێنووسانەی بە خوشکەکەی دا، چەند دانەی بۆ خۆی مایەوە؟

٤ – شیکردنەوە: بەپێی ئەم ئاستە فێرخواز دەبێت توانای شیکردنەوەی بیرۆکە و بابەتەکانی هەبێت، پەیوەندی نێوان شتەکان بزانێت و توانای لێکدانەوەیانی هەبێت و تایبەتمەندیەکان بناسێتەوە و وردبینیان بکات و شرۆڤەیان بکات، جۆر و چەشنەکان جیابکاتەوە.

لە دەستەواژەکانی وەك: (راڤە بکە؟ بەراورد بکە؟ جیابکەرەوە؟ ئەنجامەکەی چییە؟ گرنگترین جیاوازی نێوانیان چییە؟ گرنگترین لێك چوویان چییە؟ کورتی بکەرەوە؟). لە نمونەی ئەو پرسیارانە، وەك:

* راڤەی ئەم دەستەواژەیە ( ........ ؟ ) بکە؟

* بەراوردی وشەی ( جوان ) لەم دوو رستەیەدا بکە؟

أ – منداڵەکە جوانە. ب – منداڵەکە جوان دەروات.

* جیاوازی نێوان پەیمان و رێکەوتننامە بکە؟

* هۆکارەکانی بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای هەرێمی کوردستان لە وەرزی هاویندا شرۆڤە بکە؟

٥ – پێکهێنان: ئەم توانایە بریتیە لە دروستکردنی بابەت و دیاردەیەك لە رێگەی پێکەوەنان و کۆکردنەوەی بەشەکانی. بەجۆرێك داهێنان و گۆڕانکاری بەسەر شتەکاندا بێنێت، واتا توانای بەیەکەوە لکاندنی چەند ڕەگەزێکی جۆراوجۆری هەبێت بۆ بەرهەمهێنانی شتێکی نوێ مادی بن یان هزری، لە شێوەی پێکهێنان و دارشتن و ڕاستکردنەوە و گشتاندن و رێکخستنندا.

بەم دەستەواژانە ئاستەکە دیاریدەکرێت وەك : ( پلان دابنێ ، پێشنیار بکە ، دیزاینی دابنێ ، بەیەکەوە ببەستەوە، دروستی بکە، ئامادە بکە، بەشێوازێکی تر دایبرێژە ...هتد) لە نمونەی ئەم جۆرە پرسیارانە: * دانانی پلانێك بۆ نوسینی راپۆرتێك؟

* دارشتنێك لەسەر گرنگی وەرزش لە ژیانی رۆژانەماندا بنووسە؟

٦ – هەڵسەنگاندن: ئەم ئاستە بە پێی پۆلێنەکەی ( بلۆم ) بە باڵاترین و ئالۆزترین چالاکی مەعریفی دادەنرێت، کە دەبێت فێرخواز لەتوانای دا هەبێت بڕیار لەسەر باش و خراپی شتێك بدات بە پێی پێوەری تایبەتی هەڵسەنگاندن بۆ روداو ودیاردەکان بکات.

لە دەستەواژەکانی ئەم ئاستە، وەك: (هەڵسەنگێنە، رەخنە بگرە، بڕیار بدە، بە بەڵگەوە بیسەڵمێنە، ڕات چییە، لەژێر رۆشنایی بیردۆزەکەی.... ڕوونی بکەرەوە، کام لەمانە...باشترە؟ بۆچیش؟).

بۆ نمونە: * ناوەرۆکی هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆیی چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ ڕونی بکەرەوە؟

* بەبەڵگەوە دەرئەنجامەکانی کۆچی گەنجان بۆ دەرەوە باس بکە؟

## سێیەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە یان بەشە پرۆگرامی خوێندراو:

شیکردنەوەو دەستنیشانکردنی ناوەڕۆکی ئەو بەش و بابەتانەی، کە پڕیارە لە پرۆگرامدا تاقیکردنەوەکەیان تێدا ئەنجام بدرێت زۆر گرنگە، کە خۆی لە خوێندنەوە چاوخشاندنەوەیەکی ورد دەبینێتەوە، لە دیاریکردنی ئەو یەکە و بابەت و بیردۆز و یاسا و چەمك و بەشانەی کە خوێندراون، چونکە لەسەر ناوەڕۆکی ئەمانە ئامانجەکان دیاریدەکرێن. بۆ ئەوەی هیچ یەکەیەکی خوێندراو فەرامۆش نەکرێت، سیفەتی گشتگیری و هاوسەنگی بە پرسیارەکان ببەخشێت، کە ئەویش بەپێی بابەتە پسپۆرییەکان دەکرێت بەسەر دوو جۆردا دابەش بکرێت: (أ- شیکردنەوەی بەپێی ناونیشان و بابەتەکانی ناوەڕۆکی پرۆگرامەکە، ب- شیکردنەوە بەپێی پۆلینی ناوەڕۆك).

## چوارەم: ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (وەسفی):

بریتییە لە خشتەیەك، کە تیایدا سەرجەم ئەو ناوەڕۆك و بابەتانەی کە تاقیکردنەوەی تیادا ئەنجام دەدرێت دەستنیشان دەکرێت، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کێشی رێژەیی و جۆرو ئاستی ئامانجە رەفتارییەکان و دابەشکردنی نمرەکان بەپێیی پێوەرێکی دیاریکراو لە (ژمارەی بابەت، بیردۆز، هاوکێشە،..هتد).

## هەنگاوەکانی ئامادەکردنی خشتەی تایبەتمەندی (وەسفی):

**یەکەم:** دیاریکردنی بابەتەکانی وانەکە:

دیاریکردنی ئەو بابەت و (بەش)انەی کە بۆ تاقیکردنەوە دیاریکراون، بەپێی پێوەرێکی دیاریکراو، کە بێگومان هەر بابەت و زانستێك پێوەری تایبەت بەخۆی هەیە. بۆ نموونە: ئەگەر زمان و ئەدەبی کوردی وەربگرین، ئەوا پێوەری خۆی هەیە، وەك بەشی رێزمان و بەشی ئەدەب و بەشی داڕشتن و بەشی رەوانبێژی و ..... هتد، دواتر وردکردنەوەی هەریەکێك لەم بەشانەی سەرەوە. بۆ نموونە بەشی رێزمان بۆ بابەتی وردتر وەك رێنووس و ...هتد دابەش دەکرێت.

**دووەم:** دیاریکردنی کێشی رێژەیی بابەتەکانی وانەکە:

دیاریکردنی کێشی رێژەیی هەر بەشێك لە بەشەکان بەپێی یاسای سەدی، بە دیاریکردنی کێشی بەشێك بە دابەشکردنی بەسەر گشت بەشەکاندا، پاشان جارانی (١٠٠) دەکرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

کێشی (گرنگی) رێژەیی بەش = بەش ÷ گشت × ١٠٠

**سێیەم:** دیاریکردنی ئاستی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە: کە مەبەستە بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەیت، بەپێی ئاستەکانی پۆلینی (بلۆم) وەك: ئاستی(بەیادهاتنەوە، تێگەیشتن، جێبەجێکردنی، شیکردنەوە، پێکهێنان، هەڵسەنگاندن).

**چوارەم:** دیاریکردنی ژمارەی پرسیارەکان:

دیاریکردنی ژمارەی پرسیارەکان بۆ هەر ئامانجێك بەپێی کێشی رێژەیی بەشەکە دەبێت.

**پێنجەم:** دیاریکردنی نمرە بۆ پرسیارەکان:

دوا هەنگاو بەپێی کێشی رێژەیی بەشەکان، نمرە بۆ پرسیارەکان دادەنرێت، بۆ نموونە: ئەگەر کێشی رێژەیی بەشێك (٢٥ نمرە)بێت، ئەوا

ئەو نمرەیە بەسەر ئەو لق و پرسیارانە دابەش دەکەین کە لەو بەشە هاتۆتەوە.

**چەند رێگایەك بۆ دیاریکردنی کێشی رێژەیی یەکەکانی بابەتەکان هەیە، لەوانە:**

رێگەی یەکەم: دوای دیاریکردنی ئامانجەکانی هەر یەکەیەك، دابەشی ئامانجەکانی هەموو بەشەکان (تەواوی پرۆگرام) کە خوێندراوە جارانی (١٠٠) دەکرێت، بەم شێوەیە: کێشی رێژەیی = ژمارەی ئامانجەکانی یەکەیەك ÷ کۆی ئامانجەکان × ١٠٠

**نموونە لەسەر رێگای یەکەم:**

| ژمارەی یەکە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی ئامانجەکانی یەکەکە | ١٠ | ١٤ | ٢١ | ١٥ | ٥٠ |
| کێشی رێژەیی | %١٧ | %٢٣ | %٣٥ | %٢٥ | %١٠٠ |

رێگەی دووەم: بەشێوازی بەکارهێنانی ژمارەی لاپەڕەکانی بەشێك یان یەکەیەك، بە دابەشکردنی بەسەر سەرجەمی لاپەڕەکانی پرۆگرامەکەدا، پاشان جارانی (١٠٠) دەکرێت، بەم شێوەیە:

کێشی رێژەیی = ژمارەی لاپەڕەکانی یەکەیەك ÷ ژمارەی گشتی لاپەڕەکان × ١٠٠

**نموونە لەسەر رێگای دووەم:**

| ژمارەی یەکە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی لاپەڕەکانی | ٣٢ | ٤٠ | ٢٨ | ٥٠ | ١٥٠ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەکە | | | | | |
| کێشی رێژەیی | %٢١ | %٢٧ | %١٩ | %٣٣ | %١٠٠ |

رێگای سێیەم: لە رێگەی سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی بەشە وانەکانی یەکەکان، یان بەشە وانەی مانگەکان، بەدابەشکردنی بەسەر سەرجەمی بەشەوانەکانی وەرزێك یان ساڵێکی خوێندن، پاشان جارانی (١٠٠) دەکرێت، بەم شێوەیە:

کێشی رێژەیی = ژمارەی بەشە وانەی یەکەیەك ÷ کۆی بەشە وانەکان × ١٠٠

**نموونە لەسەر رێگای سێیەم:**

| ژمارەی یەکە | ١ | ٢ | ٣ | ٤ | سەرجەم |
|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی بەشە وانە | ٦ | ٨ | ١٤ | ١٢ | ٤٠ |
| کێشی رێژەیی | %١٥ | %٢٠ | %٣٥ | %٣٠ | %١٠٠ |

## سوودەکانی خشتەی تایبەتمەندی (وەسفی):

١- گشتگیری بە پرسیارەکانی تاقیکردنەوە دەبەخشێت.
٢- بابەتی بوون بە تاقیکردنەوە دەدات.
٣- هۆکارە بۆ دابەشکردنی نمرەکان بەپێی گرنگی پرسیارەکان.
٤- یارمەتیدەرە بۆ زانینی ئاستی هاتنەدی ئامانجەکان بۆ هەر بەش و بابەتێك.
٥- گرنگە بۆ دەستنیشانکردنی کێش و گرنگی بەش و بابەتەکان.
٦- مامۆستا لە دووبارەکردنەوەی پرسیار دووردەخاتەوە.

٧- ئەو باوەڕە لای فێرخواز دروست دەکات، کە تاقیکردنەوەکە خەسڵەتی دادگەری و راستگۆی تێدایە.

## پێنجەم: ئامادەکردن و داڕشتنی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

لە کاتی دانان و داڕشتنی پرسیارەکان، چەند بنەمایەك هەیە کە پێویستە بۆ هەر قۆناغێك لەبەرچاویان بگیرێت، کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- ئاستی زانستی فێرخوازان.
٢- ژمارەی فێرخوازان.
٣- شوێنی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە.
٤- لێهاتووی مامۆستا لە دانانی پرسیارەکاندا.
٥- جۆری و ئاستی ئەو ئامانجانەی کە دەمانەوێت پێوانەیان بکەین.
٦- ئەو پرسیارانەی کە وێنە و نەخشە و بەکارهێنانی هێڵی بەیانیان تێدایە، خوێندنەوەی زیاترو کاتی زیاتریان بۆ تێگەیشتن و دروستکردن و وەڵامدانەوە پێویستە.
٧- رەچاوکردنی کاتی پێویست بۆ دانانی پرسیارەکان و کاتی تەرخانکراو بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.
٨- هەڵبژاردنی جۆری پرسیارو ناوەڕۆکی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان.

## شەشەم: ریزبەندکردنی پرسیارەکان و پێداچوونەوەیان:

چەند شێوەیەك بۆ ریزبەندکردنی پرسیارەکان هەیە، لەوانە: بەپێی ناوەڕۆك، جۆری بڕگە، لە ئاسانەوە بۆ قورس، ....هتد).

## حەوتەم: جێبەجێکردن و ئەنجامدان:

دوای دڵنیابوونی مامۆستا لە جێبەجێکردنی تەواوی ئامادەکارییەکان، دەبێت باشترین هەلی گونجاو بۆ فێرخوازەکانی برەخسێنێت بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، وەك ئامادەکردنی هۆل و هاوکاری ستافی مامۆستایان و کارگێری و دیاریکردنی کات و شوێنی گونجاو بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکە، بۆ ئەوەی باشترین دەستکەوت بەدەست بهێنرێت.